# بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

سالی حەوتەم ژمارە (152) بەرواری 15-9-2023 | بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە | مانگی دووجار، لە (١)و (١٥) هەموو مانگێکدا دەردەچێت


“ شانە حیزبییەکان و ئاکسیۆنە کرێکارییەکان”


## ڕۆڵی حەیاتیی ئاژیتاتۆر

بـەشی سێهەم...ل11

### وتەی ژمارە

## کەرکوك، فایلی بچوك و لکاندنی بەدۆسیەی گەورەوە

**عەبدوڵا مەحمود**



هەوڵی دەسەڵاتی بەغدا، بۆ قوتبیکردنەوەی دەسەڵات لەناوەند و لەو نێوەشدا گوشارەکانی بۆسەر دەسەڵاتی هەرێم، ڕەوەندێکە لەدوای کۆتاییهاتنی جەنگی سەربازی لەدژی داعش و ڕوداوەکانی ١٦ ئۆکتۆبەر، بەردەوامی هەیە. بنبەست و کۆتاییهاتنی سیاسەتی ئابوری سەربەخۆ، دەرهێنانی دۆسیەی نەوت و غاز و چاودێری لەسەر داهاتی نانەوتی و لاوازبوونی هاوسەنگی هێزی ناسیونالیزمی کورد لەبەرامبەر بەغدادا، هێندەی تر دەستی دەسەڵاتی ناوەندی ئاوەڵاتر کردووە، تا بەخێرایەکی زیاترەوە هەوڵی بەرگریکارانەی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، تێک بشکێنێت و بەتەواوەتی و بێ ئەمما و ئەگەر هێزەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی بخاتە چوارچێوەی سیاسەت و نەخشە ناوەندیەکانی خۆیەوە. ناسیونالیزمی کورد لەگەڵ ئەوەدا هەموو هەوڵی خۆی خستۆتە گەر تا خۆی لەگەڵ دۆخی تازە بگونجێنێت و لەگەڵ بەغدا بسازێت، بەڵام هاوکات مەترسی لەسەر بەشی دەسەڵاتی لە بەغدا ناچاری کردووە بەوەی کە هەندێک بەرگری لەخۆی بکات و لەو ڕێگایەوە بەوجۆرە بچێتە باوەشی بەغدا، کە لانی کەم سەنگێکی هەبێت. ڕوداوەکانی ئەم چەند ڕۆژەی کەرکوک جگە لە ڕەنگدانەوەی ئەو واقعیەتە شتێکی تر نییە. لەو نێوەدا پارتی دەیەوێت وەکو ئاڵاهەڵگری بزوتنەوەی کوردایەتی و بە پەراوێزخستنی یەکێتی، لەبەرامبەر بەغدادا خۆی دەربخات. بەتایبەتیش کە یەکێتی بەتەواوەتی چۆتە پاڵ باڵ و ڕەوتی باڵادەستی دەسەڵات "شیعەی سیاسی" لە عێراقدا و لەوەش زیاتر ئەوە بەڕێگایەک دەزانێت بۆ گێڕانەوەی هاوسەنگی هێزی بەرامبەر بە پارتی یان لانی کەم ڕاگرتنی داکشانی کێرڤی بەردەوامی لەبەرامبەر پارتییدا. سەرنجدانێکی کورت لە پەیام و لێدوان و ڕاگەیاندنی یەکێتی بەرۆشنی نیشانی دەدات کە یەکێتی لەبەرامبەر بە گوشارەکانی بەغدا بۆسەر دەسەڵاتی هەرێم مێش میوانی نییە و لەوەش زیاتر ڕەوایەتی پێ دەبەخشێت و خۆی وەکو دەسەڵات لەهەرێمدا نابینێت، بەوەش

بۆ لاپەڕە 2

## دەبێ نەخشە و پلانی جمهوری ئیسلامی لە دژی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی پوچەڵ بکرێتەوە...



ڕژێمی لەسەرە مەرگی جمهوری ئیسلامی لەچوارچێوەی هێرشی بەردەوامی بۆسەر چینی کریکار و جەماوەری بێبەشی ئێران، بەمەبەستی پاشەکشەپیکردن بە بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی وەقوڵپکەوتووی جەماوەری بێبەشی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە ڕادیکاڵ و شۆڕشگێرەکان، لەلایەکەوە لەناوخۆی ئێراندا خەریکی سەرکوت و گرتنی چالاکوان و هەڵسوڕاوانی بزوتنەوە کۆمەڵایەتی و ڕابەرانی نارەزایەتیەکانە و لەلایەکی

بۆ لاپەڕە 3

## بایکۆت و مانگرتن بۆ موچە و خزمەتگوزارییەکان بەس نییە، وەرێخستنی بزوتنەوەی ڕاستەوخۆی جەماوەری پێویستە!



بەهۆی بێدەربەستی نابەرپرسیاریەتی دەسەڵاتی سیاسی و دواکەوتنی موچە، جارێکی تر بەشێکی زۆر لەمامۆستایان و کرێکار و کارمەندانی سلکی تەندروستی و فەرمانبەرانی شارەوانی هەڵەبجە...تاد، بەناچاری بریاری کۆبونەوەو بایکۆت و ڕاگرتنی دەوامیان داوە. ماوەی زیاتر لە دوو مانگە موچەی موچەخۆرانی هەرێم دابەش نەکراوە، ئەمەش بۆتە هۆی گوشارێکی یەکجار گەورەو لەسەر ژیان و گوزەرانی موچەخۆران و هاوڵاتیان بەشێوەی گشتی.

بۆ لاپەڕە 3

## ڕاگەیاندنێك بۆ ڕای گشتی، سەبارەت پلانی تاوانکارانەی جمهوری ئیسلامی بەدژی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران ....ل4

### لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


* ساڵیك بەسەر ڕاپەڕین و بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی ئێراندا........ل4
* هێمن جەوهەر وەڵامی پرسی ڕۆژی داوەتەوە.........................................ل5
* شاری کەرکوك لە بەینی مەنگەنەی ناسیونالیستی کورد و...................ل6
* جیاکردنەوەی کوڕان و کچان لە قوتابخانەکان، زیان و لێکەوتەکانی.......ل7
* دەوڵەت: ئامرازی دەسەڵاتی چینایەتی..................................................ل9-10




## دۆسیەی ژمارە “ سەبارەت بە گوشارەکانی بەغدا بۆسەر هەرێم و ئایندەی سیاسی کوردستان”

**بەڕێز ئەنوەر حسێن“ بازگر” وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە...ل12_13**


پرسی ڕۆژ ل5 | پرسی ژن ل7 | گۆشەی ئەدەب و هونەر ل8

# درێژەی وتەی ژمارە

بەکردەوە دەسەڵاتی هەرێم و بڕیاری سیاسی بەخشیوە بە پارتی. لێکەوتە زیانبارەکانی ململانێی بەغدا و هەولێر لەسەر خەڵکی کوردستان، بەزۆنی سەوزیشەوە بۆ یەکێتی بۆتە خێر و بەرەکەتێک بۆئەوەی ئۆباڵی بێ موچەیی و دارمانی خزمەتگوازارییەکان و ناکامی ڕێکەوتنەکانی هەولێر و بەغدا بخاتە ئەستۆی پارتی و شانی خۆی لەهەر بەرپرسیاریەتیەکی هەرێم و زۆنی سەوز خاڵی بکاتەوە.

پارتیش لەگەڵ ئەوەدا ئەوە بەدەستکەوت دەزانێت کە بڕیاری سیاسی لەهەرێمدا بە تەواوەتی لەدەستی خۆیدا قۆرغ بکات و بەتەواوەتی یەکێتی و هێزەکانی تر پەراوێز بکات، بەڵام پەراوێزخستنی یەکێتی لە هەرێمدا، ڕەوایەتی دەسەڵاتی ناسیونالیزمی کورد بەشێوەی گشتی دەخاتە ژێر پرسیارەوەو بەکردەوە ئەو درۆیەی ناوی حکومەت و پەرلەمان و قەوارەی دەستورییە!!، ناهێڵێت...

لەئێستادا پارتی لەیەک کاتدا ڕووبەڕووە لەگەڵ گوشارە بەردەوامەکانی بەغدا لەلایەک و دوورکەوتنەوەی یەکێتی لە پارتی و پشت چۆڵکردنی لەبەرامبەر بە گوشارەکانی بەغدادا، لەلایەکی ترەوە.

پارتی بەمەبەستی شکاندنی ئەو تەوقە و دوو گوشارە لەیەک کات و تەنانەت هاوئاهەنگەدا، ناچارە جوڵە بکات و سیناریۆ بەدەستەوە بگرێت. دیارە بەجیا لەو دوو گوشارە هاوئاهەنگ و لێکهەڵپێکراوە، هاوکات کێشەی دابینکردنی موچەی موچەخۆرانی هەرێمی کوردستان، نارەزایەتی قوڵی جەماوەری، گوشاری بەردەوامی ئەمریکاو غەرب، گرفتەکانی بەردەم هەڵبژاردنی داهاتوو...تاد، چەند دۆسیەیەکن کە یەخەگیری پارتین.

پارتی لەو نێوەدا ناچارە کە بچوکترین فایل و پەروەندە، گەورەبکات و غول ئاسا بیخاتە ڕوو، تا بەکردەوە روداوە و پێشهاتە گەورەو واقعیەکان، بچوک بکاتەوە.

دوورخستنەوەی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی لە کەرکوک تەواوی ناوچەکانی دەوروبەری، لەدوای ١٦ ئۆکتۆبەرەوە ئاڵوگۆڕێکی گەورەی بەسەر هاوسەنگی هێزی نێوان دەسەڵاتی و بەغدا و هەرێمدا هێنا، کە بە کردنەوەی بارەگایەک و دەیان بارەگاش وەڵام نادرێتەوە، هەروەها کارنامەی پارتی و یەکێتی لە کەرکوک هێندە کارنامەیەکی نەنگین و ئەلگۆیەکی دەسەڵاتداری هێندە شەرماوەرە نەک خەڵکی عەرەب زمان و تورک زمان، بەڵکو خەڵکی کورد زمانیش نەفرەتی لێ دەکەن. ئەو برگەیە کە پارتی بە دروشمی کەرکوک "قودسی کوردستان" و یەکێتی بە "دڵی کوردستان"، دەسەڵاتیان تییایدا نیشانیدا، هیچی نیشان نەدا ئەوە نەبێت، کە کەرکوک بۆ پارتی و یەکێتی جگە لە کانگا و سەرچاوەیەک بۆ دزی و تاڵانی نەوت و بیمافی و سەرکوت و نائەمنی و دنەدانی کێبەرکێی قەومی و دینی زیاتر شتیکی تر نەبوو. وە کەرکوک کرایە مەیدانێک بۆ ململانێیەکی تەواو حزبی و شاریکی بێ کۆتا نائارام و نائاسایش و وێران لە سەرەتاییترین خزمەتگوزاری بۆ سەرجەم دانیشتوانەکەی. ئەم ئەلگۆیە لە دەسەڵاتدارێتی هێندە جێگای نەفرەتە، کەس ناتوانێت شانازی پێوە بکات. وە جارێکی تر گەڕانەوەی قەڵەمرەوی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی بۆ کەرکوک بەمانای وشە کۆتایی هاتووە و جارێکی تر هێزە ئیسلامی و قەومیەکانی عیراق، ڕێگا نادەن پارتی و یەکێتی بە دەسەڵاتەوە لەکەرکوکدا دەربکەون... دەکرێت بارەگاو چەندین بارەگایان هەبێت، بەڵام بارەگای بێدەسەڵاتی کۆنترۆڵکراو و جڵەوکراو و بەکورتی حزب و هێزی بی دەسەڵات. پارتی ویستی لە ڕێگای وروژاندنی پرسی گێرانەوەی بارەگا بۆ کەرکوک، لەلایەکەوە دۆسیەی کەرکوک تێکەڵی پرسە ئاڵۆزکاوەکانی تر لەگەڵ بەغدا بکات و لە گەمەی گفتوگۆی بێ پسانەوەیدا دۆسیەی سیاسی کەرکوک لەگەڵ دۆسیەی نەوت و غازو بودجە و شایستە دارایەکانی هەرێم و دادگای فیدرالی... لێک هەڵپێکی، تا لەو ڕێگایەوە بەغدا بخاتە ژێر گوشارێکی سیاسیەوە بۆ خواستی موچە و بودجە. لەلایەکی تریشەوە لەبەرامبەر بە یەکێتیدا نمایشی خاوەندارێتی کەرکوک بکات و هەستی جەماوەری کوردستان بە کەرکوکیشەوە باوەشێن بکات، تا لەهەڵبژاردنی داهاتوودا، مایە لەسەر دڵسۆزی!! پارتی دابنێن.

ئەم نەخشەو سیناریۆیە، بەشوێنێک نەگەیشت، دیارە هیزە میلیشیایەکانی حزبە باڵادەستەکانی عێراق، کە ئێستا باڵادەستی خۆیان بەسەر خەڵکی کەرکوکدا سەپاندووە، دیوی دووەم و درێژەپێدەری ئەو سەرکوت و بیمافی و هەڵاواردن و وێرانکاریەن، کە چ دەسەڵاتی ٣٥ ساڵەی بەعس و چ دەسەلاتی ١٤ ساڵەی پارتی و یەکێتی بەسەر خەڵکی کەرکوکیاندا هێناوە. بەڵام هیچ دەسەڵاتێک ڕەوایەتی لەرێگای درندەیی دەسەڵاتێکی تر وەرناگرێت.

هێزە ئیسلامی و شیعی و قەومیەکانی عێراق ڕێکخستن و لایەنگرانی خۆیانیان لە کەرکوک هەڵخراند بەدژی پارتی و پارتییش، لایەنگر و ریکخستنەکانی خۆی لەدژی ئەوان هەڵخراند و لەم چوارچێوەی ململانییەی دەسەلاتیشدا بەداخەوە ژمارەیەک لە هاوڵاتی بوونە قوربانی دۆخی شاری کەرکوکیش نائارامتر و میلیتاریزەتر کرا. لێکەوتەکانیشی ئەوە بوو هەر کام لە حزبی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی وەکو عەرەب و تورکمان و کورد، نەعرەتەو دروشمە هەڵاوێردن ئامێزەکانی خۆیان بەدژی دانیشتوانی کەرکوکدا بەدەستەوە گرت. "کەرکوک شاریکی عەرەبییە"" کەرکوک شارێکی کوردییە"" کەرکوک قودسی کوردستانە"" کەرکوک دڵی کوردستانە"" کەرکوک شارێکی تورکمانییە"...تاد ئەمانە هەڵگری ئاشکرای ماکەکانی هەڵاواردن و دنە دانی قەومیین، لە کەرکوکدا، لەبەرامبەر بەیەکەوە ژیانی واقعی و مێژووی و یەکانگیربوونی کۆمەڵایەتی دانیشتوانی کەرکوکدا. بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد بەدرێژایی مێژووی خۆی، لەڕێگای خۆبەستنەوە بەکێشەی خەڵکی کوردستانەوە ویستویەتی لەگەڵ دەسەڵات لەناوەندا هاوبەش بێت، کاتێک پۆست و داهات و بەشداریان پێداوە، باسی چارەسەری کێشەی کوردی خەواندووە، کاتیکیش پۆست و بەشداری سیاسییان لێی زەوت کردووە یان سنورداریان کردووەو خستویانەتە ژێر گوشارەوە دوبارە خۆیان بە کێشەی سیاسی خەڵکی کوردستانەوە هەڵواسیوەتەوە. لەکاتێکدا ناسیونالیزمی کورد و بزوتنەوەی کوردایەتی دوورو نزیک پەیوەندی بەچارەسەر کێشەی خەڵکی کوردستانەوە نەبووەو نییە. لەناو بازنەی کێشەی خەڵکی کوردستانیشدا لەگەڵ دەسەڵاتە کۆنەپەرست و دژە ئینسانیەکانی ناوەندا، کەرکوک وەکو چەق و سەنتێزی ململانێی ناسیونالیزم عەرەب و ناسیونالیزمی کورد، چوارچێوەی پێدراوە. ئێستا کە بزوتنەوەی کوردایەتی لەژێر گوشاری بەغدادایەو رۆژ بەڕۆژ دەسەڵاتی سنوردارتر دەکرێت، پارتی دەیەوێت وەکو ئاڵاهەڵگری کوردایەتی جارێکی تر دۆسیەی سیاسی کورد و لەناو ئەو دۆسیەیەشدا کەرکوک بەدەستەوە بگرێت، بۆ ئامانجی حزبی خۆی و لێدان لە پیگەی یەکێتی.

دیارە چارەسەری واقعی و یەکجاری کێشەی کەرکوک لە بنەرەتدا، بەستراوەتەوە بە چارەسەری سیاسی کێشەی سیاسی خەڵکی کوردستانەوە، بەڵام مەرج نییە دۆخی نەخوازرواى ئیستای کەرکوک ببەسترێتەوە یان حەواڵەی چارەسەری کیشەی خەڵکی کوردستان بکرێت، بەڵکو هەر ئێستا دەکرێت بەخستنەگەرو ئیرادە نواندنی خودی خەڵکی کەرکوک و جەماوەرەکەی بێ گوێدانە ناسنامەی قەومی و دینی، لەڕێگای وەردەنانی هیزی میلیشیایی حزب و هیزە سیاسیەکان، زامنکردنی ئازادی سیاسی بۆ هەڵسورانی ئازادانەی سیاسی و مەدەنی حزب و لایەنە سیاسیەکان، بەتاوان ناساندن و ریگری کردن لە دنەدانی قەومی و دینی و قەدەغەکردنی سیاسەتی هەڵاواردن ئامیز و دابینکردنی بەشێک لە داهاتی نەوتی کەرکوک بۆ دانیشتوانەکەی... هەر سێ گرفتی ئەمنی و نائارامی و خزمەتگوزارییەکان... تا رادەیەکی زۆر چارسەر دەبن و دۆخی کەرکوکیش ئاسایی دەبێتەوە. خەڵکی کەرکوک لەدۆخێکی ئاوادا دەتوانن بەرگری واقعیش لە هەر هەرەشەیەکی ئەمنی بکەن کە دەکرێتە سەریان.

ناوەراستی سێپتەمبەی ٢٠٢٣

**چارەسەری واقعی و یەکجاری کێشەی کەرکوك لە بنەرەتدا، بەستراوەتەوە بە چارەسەری سیاسی کێشەی سیاسی خەڵکی کوردستانەوە، بەڵام مەرج نییە دۆخی نەخوازرواى ئیستای کەرکوك ببەسترێتەوە یان حەواڵەی چارەسەری کیشەی سیاسی خەڵکی کوردستان بکرێت ...**

# درێژەی: دەبێ نەخشە و پلانی جمهوری ئیسلامی لە دژی ئۆپۆزیسیۆنی ئیرانی پوچەڵ بکرێتەوە...

تریشەوە دەستی داوەتە هەرەشە پلانان دانان، تا ئۆپۆزیسیۆنی ئیرانی لە دەرەوەی سنورەکانی و بەتایبەت لە کوردستانی عیراقدا، بکاتە نیشانەو بنکەو بارەگاکانیان بگوازێتەوە بۆ ژێر چاودێری دەسەڵاتی نۆکەر پیشەی عێراق. ئەم هەوڵ و پلانەی جمهوری ئیسلامی کە ریشەی لە بن بەست و بێچارەییدایە، بۆ ئەوەیە تا خۆی لە ژێر باری بزوتنەوەی نارەزایەتی لەناوخۆی ئیراندا رزگار بکات و هۆکاری بزوتنەوەی روخاندنی رژێم لەناوخۆی ئیراندا شەتەکی هیزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی دەرەوەی سنورەکان بکات و رای گشتی لەسەر واقعیەتی کۆمەڵگەی ئێران بگوازێتەوە جێگایەکی تر. دیارە ئەوە یەکەمین جار نییە جمهوری ئیسلامی پلانی هێرش و تەنانەت هیرش بکاتە سەر هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، بەڵکو ئەوە بۆتە پیشەیەکی ناسراوی ئەم رژێمە و سەرکوت و درندەیی لەناوخۆی ئێرانەوە تا دەگاتە دەرەوەی سنورەکان، تایبەتمەندیەکی ئەم رژێمەیە. هەوڵ و پلانی ئەمجارەشی بە دانانی مۆڵەت بۆ داخستنی بنکەو بارەگاکانی ئۆپۆزیسیۆن و گواستنەوەی بۆ قوڵایی شارەکانی تری عیراق، لەدرێژەی هەرەشەو ملهوریەکانی پێشوویدایە، بەڵام چۆن هەرەشەو پلانەکانی پیشووی تا دەگاتە بۆمباباران و تیرۆری کادر و هەلسوڕاوانی ئۆپۆزیسیۆنی ئیرانی نەیتوانیوە بەشوێنیک بگات و بەتایبەتیش نەبۆتە ڕیگایەک بۆ ترساندن ولاوازکردنی رەوتی بزوتنەوەی سەرنگونکردنی دەسەڵاتی رژێم لەناوخۆی ئیراندا، ئاواش هەوڵ و پلان و نەخشەکانی ئەمجارەشی جگە لەشکست هیچی بەدوادا نایەت و ناتوانێت پاشەکشە بە بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان لەناوخۆی ئیراندا بکات، کە مۆتەکە و مۆتۆری هەڵتەکاندی پایەکانی ئەم نیزامە نەگریسەیە. دیارە پێویستە وەکو هەمیشە هەرەشەو پلانەکانی جمهوری ئیسلامی بەجدی وەربگیرێت و بەنەخشەوە هەوڵی پوچەڵ کردنەوەی بدرێت، بەتایبەتیش دەسەڵاتی بەغداو هەرێم بەرپرسن لەهەر هێرشێک کە بکریتە سەر ئۆردگاو شوێنی نیشتەجی بوونی هیزەکانی ئۆپۆزیسیۆن. وە هیرش بۆسەر ئۆپۆزیسیۆنی ئیرانی هاوکات هێرشە بۆسەر ئیرادەی سیاسی خەڵکی کوردسان، بۆیە خەڵکی کوردستانیش نابێ ڕیگە بدەن دەستێوەردانی ئیران و پلانەکانی هاوکاری حکومەتی عێراق و دەسەڵاتی هەرێم، بەجێگایەک بگات، هاوکات دەبێ هاوکاری پاراستنی گیان و شوێنی نیشتەجیی هیزەکانی ئۆپۆزیسیۆن بن و هەرچی لەتوانایاندایە بۆ پاراستنیان بیگرنەبەر و دەسەڵاتی سیاسی ناچار بکەن لەجیاتی هاوکاری رژێمی ئیران، بەرپرسیاریەتی پاراستنی هیزەکانی ئۆپۆزیسیۆن و ئازادی چالاکی سیاسیان بۆ بەرەسمی بناسن.

******

# درێژەی: بایکۆت و مانگرتن بۆ موچە و خزمەتگوزارییەکان بەس نییە، وەرێخستنی بزوتنەوەی راستەوخۆی جەماوەری پێویستە!

نەدانی موچە بە موچەخۆران کە بەڕێوەچوونی ژیان و گوزەرانیان لەسەر ئەو برە موچەی مانگانەیە، بە مانای راگرتنی ژیان و شێواندنی خێزان و بێئیرادەکردن و برسیکردنێکی دەست ئەنقەست دێت. گێرانەوەی هەواڵی ئەوەی خەڵک کار دەکات و مانگانە موچەی پێنادرێت بۆ هەر تاکێکی دەرەوەی دەسەڵاتی هەرێم، لەوانەیە جێگای باوەڕنەکردن و شۆک هێنەر بێت. ئاخر لە هیچ جێگایەکی ئەم گۆی زەوی و لەهیچ وڵات و دەوڵەتێکدا ئەوە نییە موچەخۆران موچەیان پێ نەدرێت. ئەگەر هاوڵاتی و کارمەندێک لەهەر وڵاتیکی ئەم گۆی زەویە مانگانە لەکاتی خۆیدا موچەی پێنەدرێت، ناتوانێت ژیان بکات. ئەوە راستیەکی بی ئەمما و ئەگەرە. کەچی دەسەڵاتی سیاسی بۆرژوازی کورد هەر ماوەیە بە پاساوێک موچە دوادەخات، لە موچە دەبڕن و لەوەش زیاتر موچە نادەن بە کرێکارو کارمەندانیان... خۆ ئەوە ئەگەر بۆ یەکجار و یەک مانگ بێت، لەوانەیە لەڕیگای قەرز یان ڕێگای ترەوە بتوانرێت ئەو مانگە بەهەر سەختیەکەوە تێ پەڕێنریت، بەڵام نەدانی موچە بۆ چەند مانگ بۆ خەڵکێک کە ژیانی بەندە بەموچەکەیەوە، ناتوانرێت هیچ ناوێکی لێ بنرێت جگە لە تاوان و تاوانکارییەکی ئاشکرا.

سەرانی حزبەکان و بەرپرسەکانیان لە حزب و حکومەتدا، بەو هۆیەوە لەسەر کێوێک لەداهات و قوتی دزراو و موچەی خەیاڵیین، هەست بە نەبوونی و مانای نەدانی موچە ناکەن. لە برسێتی و گرانی حاڵی نین، لە کروزانەوەی مناڵ و لاوی گیرفان خاڵی، تێ ناگەن. نازانن تێچووی ژیان و خوێندن و پەروەردەو تەندروستی و دەیان پێداویستی تر یانی چی؟ بۆیە زۆر بێباکانە دەڵێن پارەمان لەبەردەست نییە، بەغدا پارە نانێرێت، ئەوە لەکاتێکدایە خەڵک و موچەخۆرانی هەرێم لە هەرێمدا ژیان دەکەن و لەژێر سایەی ئەم دەسەڵاتەدا خەریکی کارو رەنج و بەرهەمهێنان و رووبەڕوون لەگەڵ دام و دەزگاکانی هەرێم، نەک دەرەوەی هەرێم و دەسەڵاتێکی دەرەکی. ئەوە لە کاتێکدایە داهاتی هەرێم، گومرگ و زەریبە، داهاتی کارگە و کارخانەکان و بەرهەمی ناوخۆیی دام و دەزگاکان، لەلایەن دەسەڵاتی هەرێمەوە وەردەگیرێت، کەچی لەو داهاتەش ئامادەنین موچە بدەن و بێ باکانە شانی خۆیان لە دابەشکردنی دەدزنەوە.

ئەوەی کە دەسەڵاتی سیاسی ئامادە نییە موچە وەکو مافێکی حاشاهەڵنەگری موچەخۆرانی هەرێم بدات، جەنگێکی ئاشکرایە لەدژی هاوڵاتیان و موچەخۆران و سیاسەتێکی دژە ئینسانی برسیکردن و کوشتنی دەست ئەنقەستی ژیانە. لەبەرامبەر بەو دۆخەدا نەک نارەزایەتی و کۆبونەوە و مانگرتن و بایکۆت، بەڵکو هەر کاردانەوەیەکی تر لەبەرامبە بەو دەسەڵاتە بۆ راماڵین و لەبەینبردنی نەک ڕەوایە، بەڵکو دواخستنی ئەرکی کۆتاییهێنان بەو دەسەڵاتە کارێکی نابەجێ و نادروستە.

بایکۆت و مانگرتن و کۆبونەوە، راستە بەشێکە لە دەربرینی نارەزایەتی و شێوەی جیاواز جیاوازی بێدەنگ نەبوون و ناڕازی بوونە، بەڵام هێشتا ئەم شێوازانە وەڵامدەرەوە نین، خواستی زیادکردنی موچە، هەلی کار، بیمەی بیکاری و تەندروستی، خواستی خزمەتگوازارییەکان...تاد، دەشی لەڕێگای مانگرتن و کۆبونەوە و مانگرتن گوشار لەسەر دەسەڵات دروست بکەن و دەسەڵاتیش بە ئاسانی مل بەو گوشارە نەدات. بەڵام هیچ پاساوێک بۆ نەدانی موچە نییەو وەڵامیش بەبێ موچەیی بەتەنها بە بایکۆت و کۆبونەوە و مانگرتن نابێت، بەڵکو دەخوازێت ئاستی نارەزایەتیەکە شێوازی تر بەخۆوە بگرێت. لەوانە دەستبەسەراگرتنی داهاتی دام و دەزگاکانی وەکو هاتووچوو، زەریبە، تاپۆ، کارگەکان، تەندروستی، راگرتنی شادەماری بەرهەمهێنان و ڕیگری لە فرۆشتنی نەوت و تانکەرەکان، لەجوڵەخستنی کێڵگە نەوتییەکان، داخستنی دەروازە سنورییەکان... تا دەگاتە دەست بەسەراگرتنی داهات وسامانی بەرپرسە حزبی و حکومیەکان و کەلەسەر ژیان و گوزەران و ماندووبوونی خەڵک و دزی و تاڵانی ئاشکرا بوونە ملیۆنیر و ملیاردێر.

بۆئەوەی داهاتی خودی دەسترەنجی موچەخۆران بۆ موچەخۆران و کارمەندان بگێردرێتەوە، ریکخراوبوون و یەگگرتووبوون بۆ دەست بەسەراگرتنی داهات لەلایەن خودی موچەخۆران و کارمەندانی کەرتە جۆراو جۆرەکانی بەرهەمهێنان و داهات و دوبارە دابەشکردنەوەی بەشیوەی یەکسان و ستاندارد بەسەر موچەخۆراندا هەنگاوێکە پێویستە دەستی بۆ ببرێت. ناکرێ هیچی تر ئەو دۆخە قبوڵ بکرێت. کاتی وەرێخستنی بزوتنەوەی راستەوخۆی جەماوەرییە، دەسەڵات نەئامادەییەو نەتوانایی هەیەو نەئەهلی فەرمانرەواییە، بەکردەوە نیشانیداوە جگە لە کۆمەڵێک تالانچی کە بەزۆری چەک خۆیان داسەپاندووە، هیچی تر نین. کاتی ئەوە هاتووە داهات و چەکیان لێ دابماڵرێت. هەنگاوی یەکەمیش وەرێخستنی بزوتنەوەیەکی راستەخۆی جەماوەری رێکخراو هاوئاهەنگ و یەکگرتوانەیە، کە خۆی دەست ببات بۆ بەڕێوەبردنی کارگەو کارخانەو خوێندن و پەروەردەو تەندروستی و ئاو و کارەبا و کۆنترۆڵی دەروازە سنورییەکان و کارگەکان و...تاد. لەهەر کەرت و بەشێکدا کارمەندان و کرێکاران، نوێنەرانی خۆیان هەڵبژێرن و لەڕیگای ئەو نوێنەرانەوە بەرهەمی ماندبوون و کاری خۆیان، بەشێوەیەکی عادلانە وەربگرن و چاوەڕوانی ئەوە نەبن کەس موچەیان پێبدات و دابەش بکات.

داهاتی کارگەو کەتەکانی بەرهەمهێنان و بەشەکانی ئاو و کارەبا، هاتوچۆ و تەندروستی، تاپۆ و زەریبە و خاڵەسنورییەکان و گومرگ و... بەتەواوەتی و بەزیادەوە بەشی موچەو خزمەتگوازرییەکانی هاوڵاتیان دەکات و لەوەش زیاتر دەستبردنی جەماوەری نارازی بۆئەم شێوەکارە و گێرانەوە و کۆنترۆڵکردنی داهات و سەرچاوەکانی لەلایەن خۆیان و بەشێوەی ریکخراو و هاوئاهەنگ، ئیرادەی سیاسی و ئینسانی و توانای واقعیان بۆ دەگێڕێتەوە و بۆ هەمیشەش دەستی دەسەڵاتی دزەکان لەسەر ژیان و گوزەرانیانی کۆتا دەکات... لەوەها دۆخیکیشدا بەغداش ناچارە مل بەو ئەمری واقعە بدات و مامەڵە لەگەڵ خەڵکی کوردستان بکات. چ لەپەیوەند بۆ موچەو داهات و سامان و چ لەپەیوەند بە چۆنیەتی پەیوەندی هەرێم بەبەغدا و پرسی سیاسی و ئەمنی و حقوقی، خەڵکی کوردستان...

******

# ساڵێک بەسەر ڕاپەڕین و بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی ئێراندا...

## عەبدوڵا مەحمود

١٦ ی ئەم مانگە ساڵێک بەسەر کوشتنی ژینا ئەمینی و دەستپێکی ڕاپەڕین و بزوتنەوەی شکۆداری خەڵکی ئێراندا تێپەڕدەبێت. ساڵێک بەسەر بزوتنەوەیەی شۆڕشگێرانەی ئێراندا تێپەردەبێت، کە لەدریژەی بزوتنەوەی نارەزایەتی چوار دەهەی پێشووی خۆیدا، بۆ جارێکی تر بە ئاستێکی بەرینتر و بە هوشیاریەکی باڵاترەوە سەراپای کۆمەڵگەی ئێرانی داگرت و پایەکانی نیزامی سەرمایەداری و دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی خستە لەرزەو ئومێدیکی یەکجار گەورەشی بەخشییە سەرجەم بزوتنەوە کۆمەڵایەتی و پیشکەوتنخوازەکانی ناوچەکەو دنیا.

ڕاپەڕین و بزوتنەوەی شۆڕشگێرانەی ئێران، لەگەڵ ئەوەدا بەدوا مەنزڵی خۆ نەگەیشت و کۆتایی بەدەسەڵاتی نەنگینی جمهوری ئیسلامی نەهێنا، بەڵام ئاڵوگۆڕیکی گەورەی بەسەر دۆخی ئێراندا هێنا. هاوسەنگی هێزی بەسودی بزوتنەوەی روخاندنی جمهوری ئیسلامی گۆڕی... بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی بەرەوپیشەوە برد و هاوئاهەنگی لەنێوانیادا پەرە پێدا، توانایی دەسەڵاتی هێنایەخوارەوە و پایەکانی لەرزاند، رەمزو نیشانەکانی دەسەڵاتی مەزهەبی لەئێراندا توڕداو پیرۆزییەکانی ترۆ کرد. حجاب وە رەمزی کۆیلەتی ژنان و دژە ژن بوونی جمهوری ئیسلامی تایبەتمەندی ئەو دەسەڵاتە مەزهەبیەی خستە کەنارەوە... باوەربەخۆ بوونی سەرجەم بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی لە بزوتنەوەی کریکاری و ژنان و لاوان و مامۆستایان و خویندکاران و فەرهەنگیان، بردە سەرەوە. تەلیسمی ترس و تۆقاندنی شکاند. ئاستی ڕێکخراوبوون و هوشیاری چینایەتی بەرەو پیشەوە برد. مۆر و نیشانەکان و پیگەی بزوتنەوە بۆرژوازییەکانی خستە ڕوو. ناسنامەی رادیکاڵ بوونی ئەم بزوتنەوەی سەرنگونی رژێمی بەهەموو لایەنەکانی خۆیەوە نیشاندا و ناسنامە درو ساختە و هەڵاوێرد ئامیزەکانی بەتەواوی خستە کەنارەوە... هیچ خۆشباوەریەکی بەهیزە دەرەکییەکان و بە ئەمریکاو غەرب نیشان نەدا. وە دەسەڵات و سەرجەم بزوتنەوە کۆنەپەست و دواکەتووە ئیسلامیەکانی لەسەراسەری دنیا، خستە قەفەزی دژە ئینسانی و گورزێکی گەورەی لێی وەشاند. رادیکاڵ بوونی ئەم بزوتنەوەیە وای کرد تەنانەت ناسیونالیستە زۆر توندرەوەکانیش بخاتە ژێر هەژموونی بزوتنەوەیەکی سەراسەریەوە مۆر و نیشانەی قەوگەرایی و ناوچە گەرێتی و هەڵاوێردن ئامیزی، لەخۆی نیشان نەدا. هەوڵی ئارایا مهیری و سەڵتەنەت تەڵەبەکان و سلیبریتیەکانی بۆ دزینی بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی خەڵکی ئیران، ناکام کردەوە. رۆڵی پیشرەو و بەرجەستەی ژنان و لاوان لەدڵی ئەم بزوتنەوەیەدا، لاوێتی شۆرش و پیشکەوتنخواز بوونی بەهەموو دنیا نیشاندا. هەموو ئەوانە رەوەندی بێ گەرانەوەی بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی ئیرانی نەخشاندوە و جارێکی تر ئیران ناگەرێتەوە بۆ دۆخی بەر لەساڵی رابردوو وە بۆ بەر لە بزوتنەوەیەی بەناوی" ژن، ژیان، ئازادی"...تاد.

دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی لەڕیگای سەرکوتێکی خوێناوییەوە توانی ئەم بزوتنەوە سەراسەریی و هاوئاهەنگ و دریژ مەودایە، لە شەقام و شارەکاندا پاشەکشە پێبکات، بەڵام ئەمە هەرگیز بەمانای خەواندن و خامۆشکردنی بزوتنەوە سەرەو ژووکردنی جمهوری ئیسلامی نییە، بەڵکو هەموو بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی بە هوشیاری و بەرچاو رۆشنیەکی زۆتر و بە خاراویەکی زیاتر و رێکخراترەوە ئامادەی نەبەردەکانی داهاتوو کردووە.

ئەم بزوتنەوەیە بە کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونی نزیک بەساڵێکی خۆی و بەزاڵبوون بەسەر لاوازییەکانی خۆیدا، دەتوانێت لەهەر راسان و هاتنەمەیدانێکی تردا، هیندەی تر دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی پاشەکشە پێ بکات و بناغەکانی لە ریشەوە هەڵبکەنێت.

جەماوەری بوونی ئەم بزوتنەوەیە و لە ئاستی فراوانتر لە پیشوودا، وە رێکخرابوون و دەستبردن بۆ جێگیر کردنی دەسەڵات لەهەر جێگایەک هاوسەنگی هیز بوار بدات، تا پەیوەست بوونی کرێکاران بە ئاستێکی بەرینتر و بە ئامادەیەکی زیاترەوە، تا دەگات بەوەی بزوتنەوە شۆرشگێرو ئازادیخوازەکان ئەلتەرناتیڤی خۆیان بخەنە ڕوو، وە ئامادەیی پیویستیان هەبیت، بۆ ناکامکردنەوەی هەوڵی بزوتنەوە دواکەتوو ناسیونالیستی و عەزمەتەلیبی ئیرانی....تاد دەتوانێت لە نەبەرد و راسانەکانی داهاتوودا، ئاڵای سەرکەوتنی خۆی بشەکێنێتەوە و ئومیدیش ببەخشیت بەسەرم بزوتنەوە رادیکاڵ و ئازادیخوازەکانی ناوچەکەو دونیا.

لەدوای پاشەکشەکردن بەو بزوتنەوە گەورەو کۆمەڵایەتیەی ساڵی رابردوو، بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان هەر یەکەیان لە مەیدان و نەبەردی خۆیدا ئامادەییان هەبووە... هیچ رۆژێک نەبووە ئیران نەبێتە مەیدانی نارەزایەتی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان، واتە ئەگەر ئەم بزوتنەوەیە لە ئاستی سەراسەریدا و هاوئاهەنگ لەگەڵ یەکتری پاشەکشەی پێکرا، بەڵام لە ئاست و مەیدانەکانی خۆیاندا بە قامەتی بەرزەوەو ماونەتەوە، لە بزوتنەوەی کریکارییەوە بۆ بزوتنەوەی ژنان و لاوان مامۆستایان. کرێکاران بۆ ماف و موچە دواکەوتوەکانیان و بەدژی دەرکردن لەسەر کار و سەختی کار، ژنان بەدژی هەوڵەکانی پیاوانی رژێم بۆ دەستبردنەوە بۆ حجابی ژنان، و لاوان بەدژی بێکاری و سەرکوتی ئیسلامی و مامۆستایان بۆ خواستەکانیان،...تاد. لەسەنگەری خەباتی بەردەوامدان.

ئەو ئامادەییەی چینی کریکار و بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی تر لە بەرامبەر بەدەسەڵاتی جمهوری ئیسلامیدا، پاشەکشەی پیناکرێت و ئەو دەستکەوتانەی راپەرینی خەڵکی ئیران قابیلی وەرگرتنەوە نین. دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامیش هیچ شانسێکی بۆ خۆشباوەرکردنی جەماوەر لەدەستدا نەماوەو سەرکوت و فریوکاریش ناتوانێت ئەم دەسەڵاتە لە زەبری راپەڕین و شۆرشی داهاتوو ڕزگار بکات.

ساڵێک بەسەر کوشتنی ژینا و راپەرینی خەڵکی ئێراندا تیپەڕی، ژینا و راپەرین لە ئێراندا بوونەتە رەمزو دەستمایەی ڕاپەرین و شۆرشی داهاتووی بیبەشانی ئیران لە پێناو ژیانێکی ئازاد و تەسەل و ئینسانیدا.

# پلانی تاوانکارانەی جمهوری ئیسلامی ئێران بەدژی ئۆپۆزیسیۆنی کوردستانی ئێران نیشتەجێی هەرێم ڕاگەیاندنێک بۆ ڕای گشتی

(١٩)ی مانگی ئەیلولی ٢٠٢٣، دوا ڕۆژی دیاریکراوە بۆ جێبەجێکردنی ڕێکەوتننامەیەکی ئەمنی نێوان هەردوو دەوڵەتی کۆنەپەرست و دژە ئازادی ئێران و عێراق، سەبارەت بە ئۆپۆزیسیۆنی کوردستانی و ئێرانی، نیشتەجێی هەرێم. ناوەڕۆکەکەی بریتییە لە چەکداماڵینی ئەو ئۆپۆزیسیۆنە و دوورخستنەوەی ئۆردوگاکانیان بۆناو قوڵایی عێڕاق و ڕادەستکردنی ئەوانەی کە لای جمهوری ئیسلامی داواکراون. کۆماری ئیسلامی ئێران، دەرگیری نەفرەت و نارەزایەتییەکی بەرفراوانی ژنان و ئازادیخوازان و زەحمەتکێشانە، و لە یەکەمین ساڵیادی ڕاپەڕینێکیش نزیک دەبێتەوە کە ساڵی پار بەدوای کوشتنی (ژینا ئەمینی) سەری هەڵداوە، جا بۆ پاشەکشەپێکردنی بزووتنەوەی نارەزایەتی و پێشگرتن بەسەرهەڵدانەوەی سەرلەنوێی ئەم ڕاپەڕینە، دەیەوێت لەژێر ناوی پاراستنی ئاسایشی سنورەکان، لەشکرکێشی و دەستدرێژی سەربازی بکات بۆ هەرێمی کوردستانی عێڕاق بۆ لێدان لە ئۆپۆزیسیۆنی نیشتجەیی هەرێم و دەیەوێت قەیران و کێشەکانی ناوخۆ و هەروەها مەیدانی ململانێ ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانی بۆ دەرەوەی سنوورەکان بگوازێتەوە. ئەم هەڕەشانەی کۆماری ئیسلامی و ئەو هێرش و پەلامارانەی بەشوێنیدا دێن، تەنها مەترسی نین بۆسەر ژیانی هەزارەها پەنابەری سیاسی کە ژمارەیەکی بەرچاویان منداڵان و خەڵکی سڤیلن، بەڵکو هاوکات هەڕەشە و هێرشە بۆ سەر شکۆ و سەوەری و ئاسایش و ژیانی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان و گۆرینێتی بەمەیدانی جەنگوماڵوێرانی . کۆماری ئیسلامی کە لە (٣٢) ساڵی رابردوودا، ئازادانە لەناو هەرێمدا تیرۆر و سیخوڕی و بۆمبباران کردووە و ئێستاش دەیەوێت ئەم مەودای ئەم تاوانانەی واوەتر بەرێت. هەموو ئەو حزب و ڕێکخراوە ئۆپۆزیسیۆنە کوردستانی و ئێرانییانە و خانەوادەکانیان، وەک پەنابەری سیاسی، بەرێککەوتن لەگەڵ حکومەتی عێراق و بەهەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی هەرێم و بەئاگاداری نەتەوەیەکگرتووەکان لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێن و بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان و عورفی وڵاتان، پەنابەرانی سیاسی دەبێ ماف و ژیانیان پارێزراو بێت. ئێمە، ئەوانەی لەخوارەوە واژۆمانکردووە، ئەم پلانە دژە مرۆییەی کۆماری ئیسلامی سەرکۆنە دەکەین و پشتیوانی خۆمان بۆ ئازادی مانەوە و هەڵسوڕانی سیاسی حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکانی کوردستانی ئێران ڕادەگەیەنین، بۆ ئەو مەبەستە بانگەوازی ڕای گشتی و خەڵکی کوردستان، حیزبە سیاسییەکان و ڕێکخراوە مەدەنیەکان، هەموو ئینسانێکی ئازادیخواز، ... دەکەین دژی هەرجۆرە دەستدرێژیەکی دەرەکی بووەستنەوە و بەهەرشێوەیەک بۆیان دەکرێت هاوکار و پشتیوانی پەنابەران و خانەوادەکانیان بن و هەروەها فشارەکانی خۆشیان توند بکەنەوە لەسەر دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان و حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێم تا لەئاست ئەم پلانە تاوانکارییەی کۆماری ئیسلامی چاو نەنوقێنن و بێدەنگ نەبن. هەردوو حکومەتی عێراق و هەرێم بەرپرسیارن لە دابینکردنی ئەمنیەتی ئۆپۆزیسیۆنی کوردستانی ئێران و پەنابەران و خانەوادەکانیان پاراستنی ئاسایشی خەڵکی کوردستان و هەرچەشنە هاوکارییەکیشیان بۆ هەر هێزێکی دەرەکی بە شەریک و هاوبەشی تاوان هەژماردەکرێت.

واژۆکان.....

**پرسی ڕۆژ گۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...**

bopeshawa@gmail.com

## پرسی ڕۆژ/ هاوڵاتی هێمن جەوهەر وەڵامی پرسی ئەم ژمارەیە داوەتەوە.



لەم مانگەدا ناوچەکە بەگشتی وکوردستانی عێراق وسوریا وئێران بەتایبەت ڕووداوی نزیك بەیەکی لێ ڕوویداوە. ڕووداوەکانی کەرکوك، ودێرزوور لەسوریا وبڕیاری هەڕەشەی ئێران لە ئۆپۆزسیۆنی ناو هەرێمی کوردستان لە١٩ی مانگی ئەیلوول؛ پێمان دەڵێن گۆڕانکاری گەورە وجێگۆڕکێی هێز وبەیەکدادان چاوەڕێمان دەکات.

**بەڕێزتان ڕووداوی کەرکووك چۆن لێکدەدەنەوە، هەروەها پێتانوایە ئەم کێشانە پەیوەندیان هەبێت بەیەکترەوە؟**

**هێمن جەوهەر:** سروشتی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هەر وابووە، هەر چەند ساڵ جارێك گۆڕانکاری بچووك تا گەورە تیایدا ڕوویداوە. لە ئێستاشدا کۆمەڵێك گۆڕانکاری چاوەڕوانکراو لە ناوچەکە و جیهانیشدا لە ڕووی ئابوری و سیاسیدا بەڕێوەن، جموجوڵی هێزی سەربازی هاوپەیمانان لەلایەك و شەڕی ڕوسیا وئۆکراین لە لایەك وهەڕەشەکانی ئێران لە دژی هێزە دژبەرەکانی خۆی لە هەرێم وفراوانخوازیەکانی تورکیا وهەڵبژاردنی پارێزگاکانی عێراق ونزیکبونەوەی ساڵیادی شەهیدکردنی ژینا ئەمینی و هتد ...، کە هەموو ئەوانە دواجار هەر یەکە وبە ئەندازەیەك لێککەوتەیان دەبێ بۆ ناوچەکە وجیهان. ئەگەر لە هەڕەشەکانی ئێرانەوە بدوێین، دەتوانین بڵێین ئەوە شتێکی تازە نیە؛ بەڵام لە ئێستادا بە ڕێککەوتنێك لەگەڵ عێراقدا بڕیاری چەککردن یان بێ ڕۆڵکردنیان دراوە لە چوارچێوەی کەمپنشینیدا، چونکە لە شانزەی ئەیلولدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ساڵیادی شەهیدکردنی ژینا ئەمینی دەکرێتەوە، چاوەڕوانی پشێوی ناوخۆیی لێدەکرێت لە لایەك، لە لایەکیتریش ئەمریکا و هاوپەیمانان هێزیان جوڵاندووە و کار لەسەر بێڕۆڵکردنی ئێران دەکرێت و ئەگەری لێدانی گورزی سەربازی هەیە لەو میلیشیایانەی نزیکایەتیان هەیە لەگەڵ ئێراندا، لە دیوی سوریا و عێراقیش، بۆیە ئێران کار لەسەر بێڕۆڵکردنی ئۆپۆزسیونی ئێران دەکات لە ناوخۆی هەرێمی کوردستان و سەر سنورەکان. لە ڕۆژئاوای کوردستان لە دێرەزور لە کۆتایی مانگی ئاب شەڕ و پشێوی لە نێوان هۆزە عەرەبەکان و هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە) ڕوویدا، کە تیادا زیاتر لە پەنجا قوربانی لێکەوتەوە، ئەو هۆزانە و گروپە چەکدارەکانی سەر بە تورکیا هەمیشە بەکاردەهێندرێن لە لایەن (ئێران و تورکیا)وە، بۆ بەرگرتن لە پێشکەوتنەکانی ڕۆژاڤا لە بواری خۆبەڕێوەبەرک و پێشکەوتنەکانی ستاتۆی ڕۆژئاڤا بەگشتی، کە پشتگیریەکی زۆر باشی ئەمریکا و هاوپەیمانانی هەیە، وبەرە و دروستکردنی پەرلەمان و بوون بە هەرێمێکی تۆکمە دەڕوات. هەر لە سەروبەندی ڕوداوەکانی دێرەزور لە شاری (کەرکوك)یش ڕوداوگەلێکی دروستکراو ڕویاندا، کە ژمارەیەك لە عەرەبی سوننە و هەندێك لە تورکمانەکان خێمەی ناڕەزایەتیان هەڵدا لە دژی کردنەوەی بارەگایەکی (پدك) لە شارەکەدا، لە کاتێکدا پارتی دیموکراتی کوردستان هاوپەیمانی و لێکنزیکی زۆری هەیە لەگەڵ ئەو لایەنانەی خۆپیشاندانیان لە دژی کردنەوەی بارەگاکەی کردبوو، پاشان هەستان بە هاندانی گەنجانی کوردی شارەکە بۆ کردنەوەی ئەو ڕێگایەی کە خۆپیشاندەرەکان لە خەڵکی شارەکەیان گرتبوو کە بوبووە هۆی بێزارک و تۆڕەیی زۆرک خەڵك، بەو هۆیەوە زیاتر لە بیست قوربانی لێکەوتەوە بە شەهید و بریندار، کە پیلانگێڕی یەکی زۆر مەترسیداربوو بە ئاڕاستەی نانەوەی شەڕ لە نێوان نەتەوە و پێکهاتەکانی شارەکە... هەردوو ناوچەکە (دێرەزور و کەرکوك) دەوڵەمەندن بە نەوت، بۆیە چاوی تەماحی داگیرکەرانی لەسەرە، بۆیە ئەو پشێویانەی هەردوولا دەستکردی دوژمنانی گەلی کوردن. خۆشبەختانە لە ڕۆژاڤا گەلی کورد لەلایەن ئیدارەی خۆسەریەوە خاوەندارێتی لێدەکرێ و هاوپەیمانان پاڵپشتیانن، بەڵام جێی داخە لە کەرکوك کوردەکان بێ پشتیوانن، بەهۆی سیاسەتی چەوتی دەسەڵاتدارانی (پدك و ینك)ەوە، کە بۆماوەی چواردە ساڵ لە کەرکوك فەرمانڕەوابوون، لە جیاتی هەوڵدان بۆ سڕینەوەی ئاسەواری تەعریب و جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠، هەستان بە ئەنجامدانی تاڵانی و دروستکردنی کەشێکی ناتەندروست کە بۆ سەرجەم پێکهاتەکانی شارەکە بە کوردیشەوە جێگای نیگەرانی بوو. ڕووداوەکانی ئەم دواییەی کرکوك بە بڕواک من درێژکراوەی پیلانەکانی پشتی ڕیفراندۆمن کە شانزەی ئۆکتۆبەرک لێکەوتەوە.

*****

## کرێکاران، زەحمەتکێشان، لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!

بلاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی ناڕەزایەتی سۆسیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبراوە بۆ ڕووبەڕوبوونەوەی فکر و ڕاگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوو ڕەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی...

بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی ناڕەزایەتییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سێبەریان، دەیانەوێ بەلاڕێ، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەووەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تالانی دەسەلات و کۆمپانیاکانیان، هەواڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنییەکان... بە ئێمە بگەیەنن. بۆپێشەوە، دەنگی سازش هەڵنەگرو سەکۆی ڕاستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەمەی خوارەوە ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..

bpeshawa@gmail.com

www.bopehsawa.ne



# شاری کەرکوك لە بەینی مەنگەنەی ناسیونالیستی کورد و شۆڤینیزمی عەرەبیدا...

## نووسینی: عوسمان محەمەد


پێش کودەتاکەی عبدالکریم قاســم گۆڕینی دەسەڵات لە مەلەکیەوە بۆ جمهوری، خەڵکی شاری کەرکوک نەک هیچ ناکۆکیەک نەبوو لەبەینی نەتەوەکاندا، بەڵکو تەبایی و پەیوەندیەکی کۆمەڵاتی زۆر گەرم و گوڕ زۆر ئینسانی لەبەینی نەتەوەکاندا هەبوو. لەدوای کودەتاکەو بەتایبەت ئیجازەدانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و کردنەوە بارەگاکانی لە شارەکانی کوردستان ئیتر شیرازەی کۆمەڵاتی لەو شارەدا ئاڵۆزی و پشێوییەکی زۆری بەخۆیەوە بیـــنی. لەساڵی(١٩٥٩) بەڕابەراییەتی پارتی دیموکراتی کوردستان هێرش کراوەتە سەر نەتەوەی تورکمان، ئەوەی ئینسانیەت پێی ناخۆشبێ هەر تاڵان و کوشتن و ئەتکردن و ئەشکەنجەو ئیهانەکردن هەموویان بەسەریانا هێنا. ئا لەم کردەوە دژی ئینسانیەدا کادرانی حیزبی شیوعیش بەشدار بوون. لەم هێرشە دڕندانەیە دەسەڵاتدارانی کەرکوک، نەک دەوری باشیان نەبوو، بەڵکو بەناڕاستەوخۆ لەپشتی ئەم هێرشەوەبوون و خۆیان دەمەزەردی ئەو ناکۆکیە نەتەوەییان ئەکرد. ئەم ڕووداوە گەورەیەو کارەساتە دژی ئینسانێکانی گەورەتر کردو ئاڵۆزی دروستکرد لەدڵ و دەروونی نەتەوەی تورکمان، کە تائێستاش ئاسەوارەکانی بە زیندووی هەر ماوەتەوەو ئەو هەموو کینەیە هەر درێژەی هەیە. لەساڵی (١٩٦٣) کە کودەتای ڕەشی هەشتی شوبات کراو حیزبی بەعس دەسەڵاتی گرد لەگەڵ عبدالسلام عارف حەرەس قەومی دروست کرا ئیتر ئەم شارە بووبە دۆزەخ بۆ نەتەوەی کوردو حیزبی شیوعی عێراق و خەڵکی شار بەگشـــتی ڕۆژانە دەیان کەس ڕاپێچی گرتووخانەکان ئەکرا، تاکار گەیشتە ئەوەی هەرکەسێک جلی کوردی لەبەربووایە ڕەشبگیریان ئەکرد، سەدەها خەڵکی بێتاوانیان لە گرتووخانەکاندا دەست بەسەر کرد، بەبێ لێکۆڵینەوەو دادگایکردن هەلوومەرجەکە ئەوەندە تۆقێنەر بوون کەس لەژیان و گوزەرانی دڵنیا نەبوو، سەرانی ناسیۆنالستی تورکمانیش ئەم هەلەیان قۆستەوە کارەساتەکەی ساڵی ( ١٩٥٩) یان تازەکردەوە کۆمەڵێ ناویان دابووە هێزە سەرکوتگرەکانی ڕژێم، کەئەمانە دەستیان هەیە لەو کارەساتە دڕندانەی ساڵی (١٩٥٩) هەندێ لە لەو ناوانە هیچ تاوانێکیان نەبوو، بەپێچەوانەوە شێخ مارف و شێخ حسنی دەوری کاریگەریان هەبوو لەبەرگرتن لە کارەساتەکە، بەڵام ڕژێم بۆ قوڵکردنەوەی ئەو ناکۆکییە نەتەوایەتییە بەنەخشە کاری ئەکرد سەرئەنجام سی بۆ چل کەس لەباشترین ڕۆڵەکانی کەرکوک بەبیانووی ئەوەی دەستیان هەبووە لەتاوانەکەی ساڵی (١٩٥٩) کەرکوک ڕاپێچی زیندانەکان کران و لەماوەیەکی زۆر کورتدا بیست و حەوت کەس لەوانە سزای لەسێدارەدان دران. دوای جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدانەکە بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە لەسێ شوێنی شاری کەرکوک و بەئاشکرا هەڵواسران نۆ دانەیان لەباخچەی (موسەڵا) و نۆ دانەیان لە(گاورباخی) ئەو نۆکەی تر لەگەڕەکی (ئاخوڕحسین) سێ شەو و سێ ڕۆژ بەهەڵواسراوی ماناوە تورکمانەکانیش دەهۆڵ و زوڕنایان هێنابوو لەتەنیشت لەسێدارە دراوەکان هەڵپەڕین و ئیهانە و سووکایەتیەکی زۆر نامرۆڤانەییان دژی لەسێدارەدراوەکان ئەکرد وەک تۆڵەیەک بۆ کارەساتەکەی ساڵی (١٩٥٩) ئیتر ئەمە بوو بەلوتکەی ناکۆکی کورد و تورکمان. ئەم کردەوە دژی ئینسانی و قێزەونانەیە یەکەمجار بوو لەسەرتاسەری عێڕاقدا کەڕژێمە شۆڤێنەکانی عەرەب وا بەئاشکرا و لەشوێنی گشتیدا مرۆڤەکان هەڵواسن. ئیتر دوژمنانی کورد و تورکمان بەفیتی ڕژێمە شۆڤێنیەکانی عێڕاق بەتوندی دەستی پێکرد، پارتی دیموکراتی کوردستان لیژنەی (اغتیالاتی) دروست کردو تورکمانەکانیش چەند کەسێکی چەقۆکێش و دڕندەیان دروست کرد هەر بەفیتی ڕژێم ئەو ئاگرەی خۆش ئەکرد و ڕۆژانە لەیەکتریان ئەکوشت چەقی ئەم کوشتن و ڕەشەکوژییە گەڕەکی شۆرجە و گەڕەکەکانی موسەڵا و پریادی و چای محەلە بوون، چونکە تێکەڵاوییەکی زۆر لەم گەڕەکانە لەنێوان کورد و تورکماندا هەبووە، ئیتر ڕۆژانە لەیەکتریان ئەکوشت ئەم پانۆرامایە درێژەی هەبووە تاساڵەکانی (١٩٦٦-١٩٦٧) لەم هەلومەرجە ناهەموارەیا ئینشقاق لەناو پارتی درووست بوو پارتی شۆڕشگێڕی لێی جیابووەوە (جەلالیەکان) ئەمانیش زۆریان کرد بەگەڕەکە کوردیەکان بەتایبەتی خەڵکی ڕەحیم ئاوا و شۆرجە، هەرکەسێک گومانیان لێ هەبوایە کەسەربە (مەلایەکانە) ئەوە زۆر دڕندانە ڕەفتاریان لەگەڵیا ئەکرد و ڕاپێچی زیندانی بارەگاکانی خۆیان ئەکرد، بەتایبەت زیندانی بەکرەجۆ ئەم کاروکردەوانەی (جەلالیەکان) نەک بەتەنها لەگەڵ دۆست و لایەنگرانی پارتی، بەڵکو لەگەڵ حیزبی شیوعیش دوژمنایەتیەکی سەرسەختیان هەبوو، لەهەرجێگەیەک یەکتریان ببینیایە ئەوە شەڕەتەقە درووست ئەبوو و چەندین کادری یەکتریان ئەکوشت، هەر ئێوارەی لێ ئەهات ئەبوو خەڵکی گەڕەکە کوردییەکان لەماڵ دەرنەچووبان بەتایبەت خەڵکی گەڕەکەکانی شۆرجە و ڕەحیم ئاوا. سەیرەکە لەوەدابوو کەئەم شارە ئەتوت حکومەتی تێدا نییە ئەو هەموو شەڕ و کوشتارە ڕووی ئەدا دەسەڵاتدارانی کەرکوک وەک چاودێر تەماشای ڕووداوەکەیان ئەکرد. دیاربوو سیاسەتێکی ڕژێمی ئەو کاتی عێڕاق بوو بۆ دەست واڵاکردنی نەیارەکانی بۆئەوەی چەند دوژمنایەتی لەنێوانیان قوڵبکاتەوە ئەوەندە بۆ سوودی سیاسی ئەو باشترە. ئەم سیناریۆ و نمایشە سیاسیەش تاساڵی (١٩٧٠) درێژەی هەبوو واتا دوای بەیانی (١٩٧٠/٣/١١) کەپارتی و ملامصطفی و ڕژێمی بەعس ڕێکەوتنی سیاسیان کرد و لەلایەن هەردوولاوە بڕیاردرا لەماوەی چوارساڵدا بەندەکانی ڕێکەوتنەکە جێبەجێ بکرێت دیارە ئارامی و ئاسایش لەماوەی ئەو چوارساڵەدا لەکوردستان ڕوویدا، بەڵام لەشاری کەرکوک هەرساڵێک درێژەی هەبوو دوای ئەو ساڵە هەر چەند ڕۆژ جارێک لەبازاڕ و شەقامەکاندا ئەبوو بەشەڕەتەقە پارتی و بەعس پەلاماری چەکدارەکانی یەکتریان ئەدا هەر لەو مێژوویەدا (نازم گزار) بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی عێڕاق لەناو شاری کەرکوک بەڕۆژی ڕووناک کادری پارتی و حیزبی شیوعی ئەفڕاند ئیتر ترس و تۆقاندن جارێکی تر دەستی پێ کردەوە پارتی بارەگای لقی سێی بردە ناحیەی سەنگاو لەترسی ئەوەی کەکادرەکانی پارێزراوبێت. دوای کۆتاییهاتنی ماوەی گفتوگۆی پارتی و بەعس جارێکیتر شەڕی چەکداری دەستی پێ کردەوەو دوای ساڵێک ملامصطفی و پارتی ئاشبەتاڵیان ڕاگەیاند و بەلێشاو پێشمەرگەکان تەسلیم بەحکومەتی بەعس ئەبوونەوە، بەڵام لەساڵی (١٩٧٤-١٩٧٥) سەدان کەس لەشاری کەرکوک کەوتنە بەر شاڵاوی گرتن و لەگرتووخانەکان توندکران و چەندین کەسیان بەسزای لەسێدارەدان گیانیان بەخشی ئیتر لەشاری کەرکوک ئەوەندە هەلومەرجی خەڵکەکەی نالەباربوو بەهۆی ئەوەی ڕۆژانە خەڵکیان ڕاپێچی زیندانەکان ئەکرد وای کردبوو گەنجەکان ئەگەر کارێکیان نەبوایە مەشغوڵ ببن پێوەی ئەوە زۆر بەکەمی لەماڵ ئەهاتنە دەرەوە لەترسی گرتن. لەگەڵ ئەمانەشدا حکومەتی بەعس سیاسەتی (ترحیل) ی دەست پێ کرد هەر خێزانێ کورد (صورة قید)ی ساڵی (١٩٥٧)ی کەرکوکی نەبوایە ئەوە دەری ئەکردنە ناوچەی کوردستان، ئیتر شیرازەی کۆمەڵایەتیان تێکدا بەملی یەکدا، ئەم سیاسەتی دژە ئینسانیە درێژەی هەبوو تاساڵی (١٩٩١)، دوای لێدانی هاوپەیمانان و خرۆشانی جەماوەری خەڵک لەعێڕاق و کوردستان و ڕزگارکردنی شار و شارۆچکەکانی کوردستان ئەوەندەی تر کەرکوک بەر شاڵاوی گرتن کەوتن و دەیان و سەدان لاو ئەخرانە زیندانەکانەوە دەیان کەسیان ڕەمی ئەکران، ئەمەش تاساڵی (٢٠٠٣) و ڕووخانی ڕژێمی بەعس بەردەوام بوو. ئالێرەوە هەلومەرجێکی تازە هاتە پێش حیزبە کوردیەکان کەهاتنە ناو کەرکوک و بوون بەشەریکی دەسەڵات، بەڵام بەشی شێری دەسەڵات بەر حیزبە کوردیەکان کەوت و ئەوانیش بەگەرم و گوڕی، دەمە زەردی ئەو ناکۆکیە کۆمەڵایەتیە نەتەوەییەیان کردەوە، ئەوانەی کەنەیاربوون لەماڵەکانی خۆیاندا ئەیانڕفاندن و دواتر لەدەرەوەی کەرکوک ڕەمیان ئەکردن و ئەیانخستە چاڵێکەوە، (١٤)ساڵ لەکەرکوک دەسەڵاتیان هەبوو لەجیاتی درووست کردنی تەبایی و برایەتی لەنێوان نەتەوەکاندا ئەوەندەی تر ئەو قڵشتەیان گەورەتر کردو دوژمنایەتیان لەنێوان نەتەوەکان تازەکردەوە. لەماوەی شەست و چوار ساڵی ڕابردوودا شاری کەرکوک ئارامی بەخۆیەوە نەبینیوە بەئێستاشەوە، ئەم هەلومەرجەی مانگی هەشتیش، کەشۆڤێنیزمی عەرەبی و ناسیۆنالیستی کوردی بەڕابەری پارتی درووستبوو ئەو کارەساتەی لێ کەوتەوە. دەسەڵاتی ناسیۆنالیستی کوردی هیچ فشارێکی بەدەستەوە نەماوە بۆئەوەی دەسەڵاتی (شۆڤینی_ئیسلامی) عێڕاق ناچاربکات بۆملدان بەداواکاری دەسەڵاتی کوردی، بەتەنها ئەوە نەبێ کەئەیانەوێ شەڕی نەتەوەیی لەکەرکوک درووست بکەن و بیکەنە فشار بەسەر حکومەتی عێڕاقەوە، ئەبێ نەتەوەکانی کەرکوک مل نەدەن بەو سیناریۆ سیاسیانە کەهەمدیسان دەسەڵاتی (شۆڤێنی_ئیسلامی) عێڕاق و دەسەڵاتی ناسیۆنالستی کوردی ئەیانەوێ هەڵیگیرسێنن .

**دەسەڵاتی ناسیۆنالیستی کوردی هیچ فشارێکی بەدەستەوە نەماوە بۆئەوەی دەسەڵاتی (شۆڤینی_ئیسلامی) عێڕاق ناچاربکات بۆملدان بەداواکاری دەسەڵاتی کوردی، بەتەنها ئەوە نەبێ کەئەیانەوێ شەڕی نەتەوەیی لەکەرکوک درووست بکەن و بیکەنە فشار بەسەر حکومەتی عێڕاقەوە، ئەبێ نەتەوەکانی کەرکوک مل نەدەن بەو سیناریۆ سیاسیانە کەهەمدیسان دەسەڵاتی (شۆڤێنی_ئیسلامی) عێڕاق و دەسەڵاتی ناسیۆنالستی کوردی ئەیانەوێ هەڵیگیرسێنن...**

**هێزی چینی کرێکار، لە یەکگرتووبوون و ڕێکخراوبوونیدایە!**

# جیاکردنەوەی کوڕان و کچان لە قوتابخانەکان، زیان و لێکەوتەکانی

## هاوژین ڕەشید



خوێندن و چونە قوتابخانە، یەکێکە لە هۆکارەکانی فێربوون و کۆمەڵایەتی بوون و کرانەوە بەڕووی خەڵکانی دەرەوەی خێزان و ژینگەی دەرەوە. بۆ کچان و کوڕان سەرەتایەکی باشە و دەتوانن لە پاڵ فێربوونی زانست و زانیاری ناو کتێبەکان کە لەڕێی مامۆستاکانیانەوە وەریدەگرن، بەهەمان شێوە بناغەی هاوڕێیەتی و کەسێتی پتەوی خۆیان بنیادبنێن. یەکێک لەو ڕێگا باش و کۆمەڵایەتییانەی کە دەکرێ ببێتە بناغەی بنیادنانی کەسێتییەکی کۆمەڵایەتی و سەرکەوتوو، بریتی یە لەوەی لە قوتابخانەی تێکەڵاو بخوێنێت. ئەمەش واتا ناسین و بەریەککەوتن لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر. لەو قوتابخانانەی کە کچان و کوڕان تێکەڵاون، منافەسەی فێربوون و هەوڵدان بۆ هێنانی نمرەی بەرزتر زیاترە. وە هەروەها هاوکاریکردنی یەکتری لەناو ژینگەی قوتابخانەدا زۆر زیاترە بەبەراورد بە ژینگەی ئەو قوتابخانانەی کە تەنیا کچان یان تەنیا کوڕان تێیدا دەخوێنن. توێژینەوەیەک لە ساڵی ٢٠٠٩کرا لە ئەمریکا، تێیدا گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە ئەو کوڕانەی لە قوتابخانەی کوڕان خوێندوویانە، زیاتر توشی نیگەرانی و دۆخی ئاڵۆزی دەروونی و گیروگرفت دەبن لە ساڵانی دوایی تەمەنیان بەبەراورد بەوانەی کە لەگەڵ کچان خوێندوویانە.

جەیمس پیدەری دەروونناس دەڵێ: "تێکەڵاوی کچان و کوڕان لە قوتابخانە ئەگەری کۆمەڵایەتیبوون لەناویاندا زیاتر دەکات. هەروەها وایان لێ دەکات ڕابێن و هەڵکەن لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەریان و باشتر دەتوانن شتەکان بەکاربێنن و سود لە ژینگەی قوتابخانە ببینن. ئەو دەرفەتە لەو قوتابخانانەدا نییە کە تەنیا یەک ڕەگەزیان تێدایە."

ئەگەر بێینە سەر باسی هەرێمی کوردستان، لە ئێستادا کە زۆربەی قوتابخانەکان تێکەڵاون و جێگای دڵخۆشی یە. لێ بەداخەوە زۆرجار لێرە و لەوێ دەبیستین مەلاکان فەتوا دەردەکەن کە نابێ کچان و کوڕان تێکەڵ بن و حەرامەو دەبێتە هۆی نەزەر و زیناو ئەو جۆرە قسانە. ئەوە لەکاتێکدا کە هەر بۆخۆیان دێن و دژی هاوڕەگەزخوازی قسەدەکەن! هیچ بیرناکەنەوە نەبوونی قوتابخانەی تێکەڵاو بۆ هەردوو ڕەگەز نامۆیان دەکات بەیەکتری و لەکۆتاییدا لەجیاتی ئەوەی خۆشەویستی و پێکەوە ژیان لە دڵیاندا بچێنێ، ڕق و ترس و دوو دڵی لەنێوانیاندا دروستدەبێت. ئەوەش سەردەکێشێ بۆ هاوڕەگەزخوازی، چونکە ئەو منداڵانە یان گەنجانە لە ڕەگەزی خۆیان زیاتر، کەسیدی نابینن و تێکەڵاو نابن.

هەروەها کیشەیەکی تر کەیەخەگیری خوێندن و پەروەردە و خوێندکارانە، ئەوەیە بەشیک لە مامۆستاکان، ئەو بەشەی کەباسی ناسینی جەستەی بایلۆژی ئینسان دەکات، لە مەنهەجی خوێندن دەردەکێشن و گرنگی پێنادەن، ئەوە لەکاتێکدایە ئەوە یەکجار گرنگە بۆئەوەی چ کوڕ و چ کچ ئاشنای جەستەی خۆیان و هۆکاری ئەو گۆڕانکاریانە بن کە لە ماوەی گەشەیاندا بەسەریاندا دێت. بۆ ئەوەی بەکردەوە خوێندن و پەروەردەیەکی تەندروست و سەردەمی هەبێت، جیاکردنەوەی دین لە مەنهەجی خوێندن و پەروەردە، دەتوانێت هاوکارێکی باش بیت. لە جێگای تێکەڵکردنی دین و مەزهەب لە مەنهەجی خوێندندا، دروست ئەوەیە هەموو دین و مەزهەبە سەرەکیەکان وەکو دەرسێک بۆ زانیاری دەستکەوتن لەسەریان، بخوێنرێت، بێ ئەوەی هیچ دینێک وەکو دینی فەرمی دابسەپێنرێت و تیکەڵی مەنهەج بکرێت.



پرسی ژن ؟


بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکیدا لە ڕێگای وتار، دیمانە، ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشك دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستنە ڕووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە...

بەرپرسی گۆشە: هاوژین ڕەشید

haw1986zhin@gmail.com

# سەمای بالێ و سودەکانی

## نووسینی: هاوژین ڕەشید



سەمای بالێ یەکێکە لە سەما جیهانییەکان. مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی ١٥ و ١٦ و لە ئیتاڵیاوە سەری هەڵداوە پاشان گوازراوەتەوە بۆ فەڕەنسا دوای هاوسەرگیری خاتونێکی ئیتاڵی لەگەڵ شازادەیەکی فەڕەنسیدا. بالێ کۆمەڵێک سودی تەندروستی و کۆمەڵایەتی و لاشەیی و زهنی هەن کە دەبێتە هۆی گۆڕینی ژیانی تاک ئەگەر برەوی پێ بدرێت. بەس بەداخەوە لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکان و لەو شوێنانەی کە ئایینی اسلام تێیدا باڵادەستە، ئەو سەمایە و هەموو جۆرەکانیتری سەماو تەنانەت هەڵپەڕکێ و مۆسقاش حەرامکراوە!

سودەکانی سەمای بالێ زۆرن و لێرەدا بە پشت بەستن بە نوسراو و سەرچاوەکانی زمانی ئینگلیزی ئاماژە بە هەندێکیان دەکەم: ١- ڕێک وەستان. لە زەمەنی ئێستادا خەڵک زۆر کاتیان بەدیار شاشەی مۆبایل و ئایپاد و کۆمپیتەرەوە بەسەردەبەن، ئەوەش دەبێتە هۆی نارێکی لەش و لار. بەهۆی بالێ و جوڵەکانییەوە دەبینە خاوەنی لەشولارێکی ڕێک. ٢- گەشە بە ماسولکەکان دەدات. باوەڕکەی یان نا، زۆرێک لە وەرزشەکانی وەکو بازدان و پیلاتێ و خولانەوەو سکوات سەرچاوەکانیان بریتی یە لە تەکنیکەکانی بالێ. هەموو ئەوانەش دەبنە هۆی زیادبوونی ماسولکە و هەناسەدانی تەندروست چونکە بالێ داوات لێدەکات بە ئارامی هەناسە بدەی لەگەڵ مۆسیقادا. ٣- کشان و فلێکسبلێتی: ئەو کشانەی لەش و لارە بەهۆی پرۆڤەکردنەوە دەستدەکەوێت. ئەو پرۆڤەکردنە وادەکات جەستەت بەهێز بێت.

٤- توانای فێربوون زیاد دەکات. ئەگەر بتەوێ باشتر فێری وانە بیرکاریەکان بیت و دەرچی لە تاقیکردنەوەکان، سەمای بالێ هۆکارێکی گرنگە. ئاخر لە بالێدا ڕاهێنەر داوا لە قوتابی یەکانی دەکات جوڵە و چونە پێش و هاتنە دواو ڕۆتینەکان لەبەرکەن. بەوەش لە پۆلێنی یەکەمدا دێن لەو کلاسانەی کە تێیاندا لەبەرکردنی تێدا بەکاردێت. ٥- بالێ وادەکات زۆر زیرەک بی لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا. مامۆستای بالێ داوا لە سەماکەران دەکات زۆر کار بکەن لە یەک کاتدا. واتا سەماکەر جۆرە کێشەیەک چارەسەر دەکەن. داوایان لێ دەکرێ هەشت هەنگاو بژمێرن (بۆ پێشەوە) ئەوەش واتا مێشک و جەستە پێکەوە کاردەکەن لەوکاتەدا و وادەکات زیرەک بی لە چارەکردنی هەموو ئەوشتانە پێکەوە.

٦-تێگەیشتنی باشتر: بەهۆی بالێوە دەتوانین ئاسانتر لە مۆسیقا و گۆرانی تێبگەین تەنانەت زەحمەتترین گۆرانیەکانیشمان لەلا ئاسان دەبێت. ئەوە زیرەکی یەکیترە. ٧- باوەڕبەخۆبوون زیاددەکات: بالێ بەهۆی جوڵە بەردەوامەکانی و گوێگرتن لە مۆسقاو گۆرانی و تێگەیشتنیانەوە، وات لێدەکەن زیاتر باوەڕت بەخۆت بێ و ژیانت لەلا جوانتر بێ. هێزی خۆ خۆشویستنت پێ دەبەخشێ و وات لیدەکات شانازی بەخۆتەوە بکەی. ٧-هۆرمۆنی دڵخۆشی دەردەکات. کاتێ سەما دەکەی لەگەڵ مۆسیقادا و لەش و لارت لەگەڵ مۆسیقاکەدا باڵانس دەکەی، دەتوانی ڕاکەی لەدەست سترێس و ژیانی ڕۆژانە. جەستەت هۆرمۆنی ئیندۆرفین دەردەدات هەستێکی خۆشت دەداتێ. جگە لەوەش سەلمێنراوە کە مۆسیقای کلاسیک هۆکارێکی باشن بۆ ئارامکردنەوەی مێشک و دەروون و وادەکات سەماکەری بالێ دڵخۆشبێت. ٨- بالێ وادەکات چیدی کەسێکی شەرمن و ترسنۆک نەبی. پاڵت پێوەدەنێ تا زیاتر کۆمەڵایەتی بی و لەگەڵ تیمدا کاربکەی و هاوکاری یەکتر بکەن. بەهۆی بالێوە ترسی چونە سەر ستەیج و وەستان بەرامبەر بینەرو بیسەرت نەمێنێ. ٩- بالێ وادەکات زیاتر کەسێکی دروستکەر و بەرهەمهێن بی. ١٠- کاریگەری هەیە بۆ سەر جوڵە وەرزشیەکان و وادەکات زیاتر دوای وەرزش و یاریەکان بکەوی. ئەمانەو چەندان سودی تری جۆراوجۆر کە دەکرێ لەکاتی بیستنی ناوی سەمای بالێدا دووجار بیرکەینەوەو هەوڵدەین بەشداربین بۆئەوەی بێبەش نەبین لە سودەکانی ئەو سەما جیهانییە...

گۆشەی ئەدەب و هونەر


**گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان رێك دەخات...**

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر،وریای رەسام، حەکیم میرزا

# شوێن لە زەمانی گەرانە وەی "کەژال ئەحمەد" دا

## نووسینی / جەمال نوری





هیچ رووداویک نبیە بەدەربێت لە زەمین و شوێنێک، چونکە رووداو روونادات ئەگەر شوێنێک نەبێت وەک سەرزمینی روودانی هاوکات کاتیش وەک کردەی ئەنجامدانەکە، بۆیە لە شیعری (رۆشتنی چەقیوی) "کەژال ئەحمەد" لەپاڵ زەمان شوێنیش دەبینینین، چونکە شاعیر لە شیعرەکەیدا ئاماژەی بەچەندین شوین داوە کە پێویستن بە ژیان و بوون و مەودای نەمانی نامۆ لەو شیعرەشدا، شاعیر لەپال، زەمان ئاماژەی بەچەندین شوێنیش داوە وەک زەمان و شوێنی چاندنی گوڵەکان، زەمەن و شوینی ئەو مندالانە بەجێدەهێڵێ کە بوونی زەمان و شوێنی ناسینی نام و مروڤەی کە ناسونتی و هاوبەشی ژیانیتی بونە بادیی، لەو کوپلە شیعرەدا شاعیر، وەک چەمکیێکی دەروونی کە پەیوەستە بە قوناغی گەشەکردنی ژیانی کە ئاماژەیە بۆ (شوێنیکی نادیار). وەک لێرەدا دەڵێ هەمیشە دڵخوازی ئیمە

لەو شویندا بە جیٚ دەمێنێت کە ڕۆحمانی پیۆە بەندە.

هەموو ئەو شوینانەش پەیوەندییان بەو زەمانەوە هەیە کە شاعیر لە شیعرەکەیدا بەرجەستەی کردوون.

کات، شوێن، رووداو "پێوستە" بە چرکە ساتەکانی زەمەنێکی دیاریکراوەوە کە ژیانیش بەشێکە لە پراکتیزەکردنی چەندین رووداوی جۆراوجۆر، بەڵام دەبیٚ خودی ئەو رووداوانە هاوشیوەی زەمەنەکە، شوێنێک هەبێت بۆ روودانیان.

بە دەربرینێکی تر هیچ رووداویک نییە بەدەربێت لەزەمین و شوێنیک، چونکە رووداو روونادات "ئەگەر شوێنێک" نەبێت وەک سەر زەمینی روودانی هاوکات کاتیش وەک کردەی ئەنجامدانەکە. شاعیر لەسەرەتای دەقە شیعرەکەیدا دەڵێ:

دڵ حەز بەمانەوە دەکات ئەگەرچی ناچاری ڕۆیشتنە

وەک دەبینین هەستێکی خاکپەرستی و نیشتمانپەروەری لە دڵیدا چەکەرە دەکات، هەر کاتیک لەم بستە خاکە دوور دەکەوێتەوە، کە لای ئەو بەهاو پیروزی هەیە و سەدان ئەوەندەیتر ئەم خوشەویستیە گەورەتر دەبێت ئەگەرچی ئەم دوورکەوتنەوە بە ویست وحەزی خۆی نەبێت و بەهەر هۆکارێک بێت لێی دوورکەوتبێیتەوە.

پارادوکس لە زمانی شیعری کەژاڵ ئەحمەد دا

گەر سەرنج بدەینە ئەم دوو دێرە شیعرە کەژال ئەحمەد جۆرێک لە پارادوکس دژە مانا دەبینین وەک لێرەدا ئاماژەی پێکردوە .

دەڕوێن و لە شوێنی خۆمان

نە جووڵاوین

لێرەدا شاعیر ئاماژە بۆ ئەو دژە مانای وشەیە دەکات لە لایەک دەڵێت دەڕۆین، بەڵام لە شوێنی خومان نەجولاوین ئەم شێوەیە لە پارادۆکس هەڵگری زادەی تێرامان و تیفکرینە بۆ ئیمەی موتەلەقی، چون شاعیر کاتیک دەڵێ دە ڕوین، بەڵام لە شوێنی خۆمان نەجولاوین، ئەم دەستەواژەیە پێمان دەڵێ هیچ گۆڕانێکی کیمیکی روینەداوە، بەڵکو ئەوەی روویداوە رودانێکی فیزیکییە، ئەم جۆرە رووداناەش وەک لە جێگای زەمەندا بین ئەوەیە بەچەشنی سووتانی مۆمێک، کاتێک مۆمەکە دادەگیرسێنین ئەوا مۆمەکە لە شێوەو قەبارەی خۆیدا نامینیتەوە، بەڵکو گورانی بەسەردا دیت، بەلام لە رووی پێکهاتە و شوێنی مۆمەکە وە ئەوا هیچ رووینەداوە و وەک خۆی ماوە،

شاعیر کە دەڵی :–

دەرۆین و لە شوێنی خومان نەجولاوین

بەو مانایە دێت وێرای ئەوەی ویستومانە گوڕانکاریەک لە هزری خوماندا ئەنجام بدەین، بەڵام پاش تیپەربوونی زەمەنیٚ هێشتا لە شوینی خۆمان نەبزواین .

ئەو رووداوانەی روویانداوە لە سیاقی ئەو زەمین و شوێنەی لە پانتای دایە، بەلام لە دەروونی ناوەوەی شاعیردا دەمان گەرێنێتەوە بو ناو زەمان شوینەی کە لە دەستپێکدا لەناخدا چەسپیوە و چەقیوەو رەگی داکوتیوە سەیرە خومان لە شوێنێک و ڕەگمان لە شوینیکی دیکە چەقیوە!

**ڕویشتنی چانی و کەژاڵ ئەحمەد**

**دڵ حەز بەمانەوە دەکات ئەگەرچی ناچاری روشتنە..!**

**بەو درەخت و گولانە**

**بلّیٚ و سەفەر دەکات**

**کەچاندوونی !**

**ئەو مندالانە لەمالەوە بەجیدەهیلیت**

**کەیوونی!**

**ئەو ژنە بە تەنیا بەجێدەهیڵێت کە بە هاوبەشی نەبەدبی**

**ژیانی هەڵیدەبژێرێت !**

**هەمیشە دلخوازی ئێمە**

**لەو شوێنە بەجیٚ دەمێنێت کە روحمانی پێوە بەندە**

**دەڕوین و لە شوێنی خومان**

**نە جووڵاوین**

سەیرە خۆمان لە شوێنێک و رەگمان لە شوێنێکی دیکە

چەقیوە !

**کەژاڵ ئەحمەد**

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

# دەوڵەت: ئامرازی دەسەڵاتی چینایەتی



نووسینی: ئێرنێست مەندێل

### ١. دابەشبوونی کاری کۆمەڵایەتی و سەرهەڵدانی دەوڵەت

لەکۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا، کاروباری ئیداری لەلایەن هۆزەوە بەڕێوەدەبرا. هەمووان چەکدار بوون و هەمووان لەو کۆبوونەوانەی کەپەیوەندی بەژیانی کۆمەڵ و پەیوەندییەکانی لەگەڵ جیهانی دەرەوە بوو، بەشدارییان دەکرد. کێشەیەکی ناوخۆیی لەناو هۆزەکەدا بهاتایەتە کایەوە، ئەندامانی کۆمەڵەکە چارەسەریان دەکرد.

بەدڵنیاییەوە دۆخەکە لەم کۆمەڵە سەرەتاییانەدا بەتەواوەتی دڵخواز نەبوو. کۆمەڵگە زۆر هەژار بوو و ژیان ململانێیەکی دایمی لەگەڵ هێزەکانی سروشت بوو. ئەگەرچی داب و نەریت و قاعیدەی باو بۆ چارەسەرکردنی ململانێ ناوخۆیی و دەرەکییەکان بەشێوەیەکی بەکۆمەڵ بەڕێوەدەچوو، بەڵام ئەم داب و نەریت و قاعیدانە زۆرتر بەهۆی نەزانی و ترس و باوەڕ بەسیحر و ئەفسوون بوو. ئەوەی کە پێویستە لێرەدا جەختی لەسەر بکەینەوە ئەوەیە کەکۆمەڵگە لەئاستی زانیاری و ئیمکاناتی خۆیدا ئیشتراکی بوو.

بەم پێیە، ئەو بۆچوونە بەهیچ شێوەیەک دروست نییە کە پێی وایە چەمکەکانی "کۆمەڵ"، "ڕێکخراوی هاوبەشی مرۆیی" و "دەوڵەت" هەر بوون و لەسەرانسەری ژیانی مرۆڤدا لەیەکترین جیانەکراوە بوون. ڕێک بەپێچەوانەوە، مرۆڤایەتی هەزاران ساڵ بەبێ ئەوەی بچووکترین زانیارییەکی سەبارەت بەدەوڵەت هەبێت، لەکۆمەڵە هاوبەشەکاندا ژیاوە.

دەوڵەت کاتێک هاتە کایەوە کە ئەو کارانەی لەرابردوودا لەلایەن هەموو ئەندامانی کۆمەڵەوە بەڕێوەدەچوو، لەلایەن گروپێکی جیاواز لەئەندامانی کۆمەڵەوە قۆرخ کرا:

- سوپای جیاواز لەجەماوەری چەکدار.
- ئەو دادوەرانەی کەئەرکیان ئەوەبوو بەسەر هەڵسوکەوتی جەماوەر بەرانبەر بە هاوجۆرەکانیان دادوەری بکەن.
- دەرەبەگەکان، پاشاکان و ئەریستۆکراسی ویراسی جێگای نوێنەرانی هەڵبژێردراوی کۆمەڵیان گرتەوە. ئەمانە جێگای ئەو نوێنەرانەیان گرتەوە کە لەلایەن جەماوەری خەڵکەوە هەڵدەبژێردران و هەر کاتێک جەماوەر بیویستایە دەیانتوانی لەسەر کار لایان ببەن.
- "بەرهەمهێنەرانی ئایدیۆلۆژیا" (قەشەکان، ڕۆحانییەکان، مامۆستاکان، نووسەرەکان، فەیلەسوفەکان و کاربەدەستانی پایەبەرز) لەئەندامانی دیکەی کۆمەڵ جیابوونەوە.

بەم شێوەیە دەبینین کەسەرهەڵدانی دەوڵەت بەرهەمی گۆڕانکارییەکی دوو لایەنە بوو: یەکەم، پەیدابوونی بەردەوامی زێدەبەرهەمی کۆمەڵایەتی کەبەشێک لەکۆمەڵی لەکارکردن بۆ دابینکردنی ژیان و بەڕێچوونی ڕزگار کرد. هەر بەم بۆنەشەوە هەلومەرجی مادی بۆ ئەم بەشە لەکۆمەڵگە ڕەخسا کە تەنها ئەو کارانەی دەکردو ڕادەپەڕاند کەپەیوەندی بە کەڵەکەکردن و بەڕێوەبەرایەتیەوە بووایە. دووهەمین فاکتەر گۆڕانکارییەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی بوو. ئەم گۆڕانکارییە بووە هۆی ئەوەی کە بەشی دیکەی کۆمەڵ لەهەڵسووڕان لەکاروباری سیاسی کە تا ئەو کاتە مافی هەمووان بوو، بێبەش بکرێ.

### ٢. دەوڵەت لەخزمەت چینە دەسەڵاتدارەکاندا

ئەو فۆنکسیۆنانەی لەکۆمەڵی سەرەتاییدا گشتی بوو، لەقۆناغێکی دیاریکراو بەولاوە بوو بە مافی تایبەتی گروپێکی جیا لەخەڵک. ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە وەلانانی بەشێک لەکۆمەڵ لەکاروباری سیاسی بەقازانجی بەشەکەی دیکەی کۆمەڵ بوو. دەسەڵاتداران ڕێوشوێنێک دەگرنە بەر کەچینە بەرهەمهێنەر و چەوساوەکان لەبەشداری کردن لەو کاروبارانە بێبەش بکەن کە بوار بۆ لەناوبردنی چەوسانەوە خۆش دەکات.

باشترین نمونە لەو بوارەدا سوپاو چەک و چۆڵە. چینە دەسەڵاتدارەکان لە ڕێگای قۆرخکردنی زێدەبەرهەمی کۆمەڵایەتی لەلایەن بەشێک لەکۆمەڵەوە سەریان هەلدا. لە سەدەی نوزدەهەمدا لە ژمارەیەکی زۆر لە هۆزەکان و گوندکانی ئەفریقا هەر ئەو گۆرانکاریمانە بینی کە لەسەرەتای پەیدابوونی دەوڵەت لەکۆنترین ئیمپراتورییەکانی ڕۆژهەڵاتدا (میسر، میزۆپۆتامیا، ئێران، چین، هیندوستان و...) بەرێوەچوو. ئەو گۆڕانکارییەش ئەوەبوو کە دیاری، خەڵات و خزمەتگۆزارییەک کە لە سەرەتادا بە شێوەی یارمەتی مرۆڤدۆستانەو لەرووی خێرخوازییەوە لەنێو بنەماڵەکاندا ئاڵوگۆڕ پێ دەکرا، وردە وردە زۆرەملی بوو و وەک باج و زەریبەو بێگاری بەچینە داراکان دەدرا.

بەڵام دەبوایە ئەم دەست بەسەرداگرتنە زەمانەتیش بکرایە. ئەم زەمانەتە زۆرتر بە زۆری چەک بەسەر خەڵکدا دادەسەپا. گروپە چەکدارەکان (گرینگ نییە ناوی سەرباز، پۆلیس، چەتە یان دزیان لەسەر بنین) جوتیاران و چێوارەکان و دواتر پێشەگەران و بازرگانەکانیان ناچار دەکرد بەشێک لە بەرهەمی خۆیان بە چینە دەسەڵاتدارەکان بدەن. هەر بەم بۆنەوەیە کە چەکدار دەبن و بەر بە چەکداربوونی بەرهەمهێنەران دەگرن.

لە یونان و ڕۆمی کەونارا، کۆیلەکان مافی چەک هەڵگرتنیان نەبوو. هەلومەرجی ڕەعیەتەکانی سەدەکانی ناوەڕاست و جۆتیارانی ژاپونی فیۆدالیش هەر بەم جۆرە بوو. یەکەم کۆیلەکان زۆربەیان دیلی جەنگەکان بوون کە بەزیندوویی ڕادەگیران بۆ ئەوەی بۆ چینە دەسەڵاتدارەکان کار بکەن. هەروەها یەکەم جوتیارانی چەوساوە دانیشتوانی ئەو مەڵبەندانە بوون کە لەشەڕەکاندا شکستیان هێنابوو. بە واتایەکی دیکە ئەمانە قوربانییەکانی پرۆسەیەک بوون کەچەک کردنی بەرهەمهێنەران و چەسپاندنی قۆرخکردنی هەڵگرتنی چەک لە لایەن سەرکەوتوان، دەسەڵاتداران و پارێزەرەکانیانی بەدواوە هێنا.

بەم مانایە فریدریش ئەنگڵس بە دروستی دەوڵەتی لە ڕستەیەکدا کورت کردووەتەوە: "دەستەی چەکدارەکان". بێگومان دەوڵەت بێجگە لەچەکدارکردنی چینی دەسەڵاتدار و چەککردنی چینی بەرهەمهێنەر کارکردی دیکەشی هەبوو. بەڵام کارکردی دەوڵەت لە دوا لێکدانەوەدا داسەپاندنی دەسەڵاتی بەشێک لە کۆمەڵگە لەدژی بەشێکی دیکەیە. ئەم تێزە بۆرژوا-لیبراڵییە کە دەوڵەت لە"گرێ بەست" یان "پەیمان"ێکەوە سەرچاوەی گرتووە کەهەموو ئەندامانی کۆمەڵ ئازادانە قەبووڵیان کردووە، بەتەواوەتی نادروستە. هەموو نیشانەکان باس لەوە دەکەن کە دەوڵەت بەرهەمی زۆر و داپڵوسینی ژمارەیەکی کەم لەدژی زۆرینەی کۆمەڵگەیە.

هەروەک وتمان پەیدابوونی دەوڵەت ڕێگای بەچینە دەسەڵاتدارەکان دا دەست بەسەر زێدەبەرهەمی کۆمەڵایەتی دابگرن. ئەم زێدەبەرهەمە کۆمەڵایەتییە تێچووی دام و دەزگای دەوڵەتی دابین کرد. هەرچی زێدەبەرهەمی کۆمەڵایەتی زۆرتر بێت، هەر بەو ڕادەیە دام و دەزگای دەوڵەتی گەورەتر دەبێت و دەتوانێت ژمارەیەکی زۆرتر سەرباز، فەرمانبەر و ئایدیۆلۆژیست بێنێتە خزمەتی خۆیەوە.

گەشەکردنی دەوڵەت لەسەدەکانی ناوەڕاست و لەسەردەمی دەرەبەگایەتی بنەماکانی ئاشکرا کرد. کاتێک کەدەرەبەگایەتی لەلوتکەی دەسەڵاتی خۆیدا بوو، هەر کام لەدەرەبەگەکان "لەچوارچێوەی مڵکەکانی خۆی"دا سەرۆکی سوپا، بەرپرسی وەرگرتنی باج و زەریبە، ژمێریار، بەڕێوەبەر و هیتری هەبوو. بەڵام وردە وردە مڵکەکانی دەرەبەگەکان پەرەیان سەندو زنجیرە پەیوەندییەکی لەسەرەوە بۆ خوارەوە لەنێو ئەریستۆکراتەکاندا پێکهات و دەسەڵاتی دوکەکان و کۆنتەکان بۆ پانتاییەکی بەرچاو لەسەر گۆی زەویدا پەرەی سەند. بەدڵنیاییەوە ئیتر یەک کەس نەیدەتوانی گشت ئەو ئەرکانە بەڕێوەببات. بەتایبەتی پاشاکان و ئیمپراتوورەکان لەگەڵ ئەو کێشەیە بەرەوڕوو بوونەوە.

بەمشێوەیە دەبینین کەسانێک پەیدا دەبن کەرەنگدانەوەی جیابوونەوەی ئەم فۆنکسیۆنانە لەیەکترن: خاوەن پلەو پایەکان، فەرماندەکان، وەزیرەکان، دیوانەکانی دەوڵەت و هیتر. بەڵام لێکۆڵینەوە لەسەر ریشەی وشەکانیش نیشانی دەدات کە وەزیرەکان لەسەرەتادا کۆیلە یان ڕەعیەت بوون، واتە بەتەواوەتی بەچینی دەسەڵاتدار وابەستە بوون.

### ٣. زۆر و داپڵۆسین و ئامرازی ئایدیۆلۆژیا

هەرچەند دەوڵەت لەدوا لێکدانەوەدا "دەستەی چەکدارەکان"ە و هەرچەند دەسەڵاتی چینی دەسەڵاتدار لەدوا قۆناغدا پشتی بەزۆر و داپڵۆسین بەستووە، سەرەڕای هەموو ئەوانە دەوڵەت ناتوانێت تەنها پشت بەزۆر ببەستێت. چونکە ئەم دەسەڵاتە بەرتەسکە. وەک "ناپلیۆن بوناپارت" دەڵێت: "بەسەرەنێزە دەتوانی هەموو کارێک بکەی، بەڵام ناتوانی لەسەری دابنیشی". کۆمەڵگەیەکی چینایەتی کە تەنها لەڕێگای زۆری چەکدارانەوە بەردەوامە، لەبارودۆخێکدایە کەشەڕی ناوخۆیی و قەیران بەلوتکەی خۆی گەیشتووە.

بەم پێیە بۆ سەقامگیرکردنی دەسەڵاتی چینێک بەسەر چینێکی دیکەدا (بۆ هەرماوەیەک کە بێت) پێویستە بەرهەمهێنەران، واتە ئەندامانی چینی چەوساوە مل بە قۆرخکردنی زێدەبەرهەمی کۆمەڵایەتی لەلایەن کەمینەی دەسەڵاتدارەوە بدەن و پێیان وابێت ئەمە مافی چارەهەڵنەگر و بێ ئەملاو ئەولاو هەتاهەتایی ئەوانە. هەر بەم بۆنەشەوە دەوڵەت تەنها ئیختناق داناسەپێنێت، بەڵکوو ئایدیۆلۆژیاش دادەسەپێنێت. "داڕێژەرانی ئایدیۆلۆژیا" ئەم ئەرکە وەئەستۆ دەگرن.

تایبەتمەندیی مرۆڤ لەوەدایە کە بێجگە لەکاری کۆمەڵایەتی لەهیچ ڕێگەیەکی دیکەوە ناتوانێت پێویستییەکانی "بەقا"ی خۆی دابین بکات. ئەمەش پێویستی بەدامەزراندنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ مرۆڤەکانی دیکە هەیە. ئەم پەیوەندیە چارەهەڵنەگرانە پێویستی ئاڵوگۆڕکردنی بیروباوەڕو پەیوەندیگرتنی مروڤەکانی هێنایە گۆڕێ. ئەمە بەش بەحاڵی خۆی گەشەی وشیاری، ئەندێشەو " بەرهەمهێنانی بیروڕا"ی مسۆگەر کرد. بەم شیوەیە هەموو کاروبارێکی گرێنگی ژیانی مرۆڤ بەرەنگدانەوەی ئەم کارانە لەویژدانیدا دێتە کایەوە. بەڵام ئەم ڕەنگدانەوانە یەکسەر بەشێوەی خۆڕسک روو نادەن. مروڤەکان خۆیان لەخۆیانەوە بیروڕای تازە داناهێنن. زۆربەی کەسەکان یان بە یارمەتی ئەو بیروڕایانەی لە مەکتەب یان کەنیسە فێری بوون یان لەرێگەی ئەو بیروڕایانەی لەتەلەفیزیۆن، رادیۆ، ڕۆژنامە یان گوڤارەوە فێری بوون، بیر دەکەنەوە. هەر بەم بۆنەشەوە بەرهەمهێنانی بیروڕاو سیستەمی فیکری کە ئایدیۆلۆژیای پێ دەڵێین، زۆر بەرتەسک بووەو تا رادەیەکی زۆر لەلایەن کەمینەیەکی بچووکی

کۆمەڵگەوە قۆرخ کراوە. (لەراستیدا بەرهەمهێنەران مەجالی ئەوەیان پەیدا نەکردووە کەبخوێننەوەو بیر بکەنەوە. ئەوەندە بەشوێن کار و زەحمەتەوە بوون کەمەجالی ئەو کارانەیان پەیدا نەکردووە.و)

لەهەر کۆمەڵگەیەکی چینایەتیدا ئایدیۆلۆژیای زاڵ بەسەر ئەو کۆمەڵگەیە، ئایدیۆلۆژیای چینە دەسەڵاتدارەکانە. هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەرهەمهێنەرانی ئایدیۆلۆژیا لەبواری مادییەوە بەخاوەنانی زێدەبەرهەمی کۆمەڵایەتی وابەستەن. لەسەدەکانی ناوەڕاستدا ئەشراف و کەنیسە (کە بێجگە لەئەریستۆکراتەکان گەورەترین مالک بوون) بەشێوەی راستەوخۆ تێچووی ژیانی شاعیران، رەسم کێشەکان و فەیلەسوفەکانیان دابین دەکرد. کاتێک کە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری گۆڕانکاری بەسەردا هات، بازرگانەکان و خاوەنانی بانکەکان "ئەدەبیات، فەلسەفەو هونەریان هێنایە ژێر باڵ و پەڕی خۆیان". لێرەشدا وابەستەیی مادی نووسەران و فەیلەسوفەکان و هونەرمەندان بەچینە داراکان ئاشکرا بوو. پەیدابوونی بەرهەمهێنەرانی ئایدیۆلۆژیا، بەشێوەیەک کەئیتر بەتەواوی بەچینی دەسەڵاتدار وابەستە نەبن، هەتا سەرهەڵدانی سەرمایەداری نەهاتەدی. بەڵام ئەو بەرهەمهێنەرانەی ئایدیۆلۆژیاش بۆ "بازاڕی ئازاد" کار دەکەن و تەنها سەرمایەداران و دەوڵەتی بۆرژوایی بەرهەمەکانیان دەکڕن.

ئایدیۆلۆژیای چینە دەسەڵاتدارەکان هەرچی بێت، تەنها کاری ئەوەیە شێوەی کۆمەڵایەتی زاڵ، واتە دەسەڵاتی چینایەتی سەقامیگر بکات و مانەوەی بپارێزێت. یاسا لەشێوەی زاڵی خاوەندارێتی پشتیوانی و پاساوی دەکات. بنەماڵەش ئەم رۆڵە دەگێڕێت، ئایینیش چەوسێنەران فێر دەکات کە مل بەچارەنووسی خۆیان بدەن. ئارمانە سیاسی و ئەخلاقییەکانی چینی دەسەڵاتدار لەرێگەی سەفسەتەچنین یان دەربڕینی نیوەی راستییەکان و شاردنەوەی ئەو نیوەکەی دیکە، هەوڵ دەدەن سەروەری چینی دەسەڵاتدار پاساو بکەن (بۆ نمونە چاو لەتێزی گۆتە بکەن کە لەسەردەمی شۆڕشی فەرەنسی و لەدژی ئەو شۆڕشە داڕێژرا. گۆتە وتی راپەڕینێک کە لەئاکامی خەبات لەدژی نادادپەروەریدا پێکهات تەنانەت لەنادادپەروەری خراپترە. دەرئەنجامی ئەخلاقی ئەو تێزە ئەوەیە کە "نەزمی زاڵ بەسەر کۆمەڵگا تێک مەدەن).

## ٤. ئایدیۆلۆژیای زاڵ و ئایدیۆلۆژیای شۆڕشگێڕانە

هەرچەند لەهەر سەردەمێکدا ئایدیۆلۆژیای زاڵ بەسەر کۆمەڵگە ئایدیۆلۆژیای چینی دەسەڵاتەدارە، بەڵام ئەمە بەهیچ شێوەیەک بەو مانایە نییە کە لەکۆمەڵگەدا تەنها بیروباوەڕی چینی دەسەڵاتدار هەیە. بەگشتی و بەکورتی کۆمەڵی چینایەتی لانیکەم سێ ئاستی سەرەکی لەبیروباوەڕ لەخۆ دەگرێ:

•بیروباوەڕێک کەرەنگدانەوەی قازانج و بەرژەوەندی چینی دەسەڵاتداری ئەو سەردەمەیەو بیروباوەڕی زاڵە.

•بیروباوەڕی چینە دەسەڵاتدارەکانی رابردوو کەئێستا ئیتر شکستیان هێناوەو لە دەسەڵات وەلانراون، بەڵام هێشتا لەسەر خەڵک نفوزیان هەیە. هۆکاری ئەم بابەتە بۆ هێزی نێگەتیڤی وشیاری دەگەڕێتەوە کە هەمیشە لەدواوەی حەقیقەتی مادی هەنگاو هەڵدەگرێت. بڵاوبوونەوەو نفوزی بیروباوەڕەکان رەنگە تارادەیەک سەربەخۆ لەو رووداوانە بێت کە لەبواری بەرهەمهێنانی مادیدا لەئارادایە. لەئاکامدا لەوانەیە خەڵک لەژێر نفوز و کاریگەری بیروباوەڕی ئەو هێزە کۆمەڵایەتییانەدا بمێننەوە کەئیتر دەسەڵاتی ئابوورییان بەدەستەوە نییە.

•بیروباوەڕی چینی شۆڕشگێڕی نوێ کە خەریکە گەشە دەکات و ئەگەرچی هێشتا ژێردەستەیە، بەڵام خەبات بۆ رزگاری دەستپێکردووەو بەر لەوەی بتوانێت دەسەڵاتی چەوسێنەران بڕوخێنێت، دەبێ لانیکەم تا رادەیەک لەبیروباوەڕی چەوسێنەران خۆی رزگار بکات.

فەڕەنسای سەدەی نۆزدەهەم لەم بابەتەوە نمونەیەکی بەرچاوە. لەو کاتەدا بۆرژوازی چینی دەسەڵاتدار بوو. لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە تا کۆتایی ئەو سەدەیە بۆرژوازی بیرمەندان، دادوەران، ئایدیۆلۆژیستەکان، فەیلەسوفەکان و نووسەرانی تایبەت بەخۆی هەبوو. شۆڕشی فەڕەنسا ئەشرافی نیوەدەرەبەگی لەدەسەڵات هێنایە خوارەوەو بەگەڕانەوەی بنەماڵەی بۆربۆنەکان بۆ دەسەڵاتی پاشایەتی لەساڵی ١٨١٥، نەیانتوانی سەرلەنوێ بۆ دەسەڵات بگرنەوە. ئەگەرچی ئەمانە نەیانتوانی سەرلەنوێ دەسەڵات بەدەستەوە بگرن، بەڵام لەبواری ئایدیۆلۆژییەوە نە تەنها لەسەر پاشماوەکانی دەرەبەگایەتی، بەڵکوو لەسەر چەند بەشێکی بۆرژوازی و وردەبۆرژوازی (جوتیاران) و تەنانەت چەند بەشێکی چینی کرێکاریش کاریگەرییەکی قووڵیان دانا.

هەر لەم کاتەداو لەپاڵ ئایدیۆلۆژیای بۆرژوایی و ئایدیۆلۆژیای نیوەفیۆدالیدا، وشیاری پرۆلیتاریا گەشە کرد. سەرەتا بیروباوەڕی شوێنکەوتووانی بابۆف و بلانکیستەکان، دواتر بیروباوەڕی لایەنگرانی پرۆدۆن و کومۆنیستەکان. ئەمانە بەمارکسیزم و کومۆنی پاریسەوە پەیوەندمان دەداتەوە.

## ٥. شۆڕشی کۆمەڵایەتی و شۆڕشی سیاسی

بەهەر رادەیەک کۆمەڵگەی چینایەتی سەقامگیرتر بێت، هەر بەو رادەیە دەسەڵاتی چینی دەسەڵاتداریش کەمتر دەچێتە ژێر پرسیارەوەو خەباتی چینایەتی زۆرتر بەکۆمەڵێک پێکدادانی بەرتەسک و ورد قەتیس دەبێتەوە کەبناغەی کۆمەڵگە (بەزمانی مارکسیستەکان پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان یان شێوەی بەرهەمهێنان) ناباتە ژێر پرسیارەوە. سیستەمێکی بەرهەمهێنان بەهەر رادەیەک لەبواری کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە سست تر بێت، هەر بەو رادەیە دەسەڵاتی چینی دەسەڵاتدار زیاتر دەچێتە ژێر پرسیارەوە، خەباتی چینایەتی تا ئەو ئاستە گەشە دەکات کەمەسەلەی رووخاندنی ئەو دەسەڵاتە، واتە مەسەلەی شۆڕشی کۆمەڵایەتی دێتە گۆڕێ.

کاتێک کەچینە چەوساوەو ستەم دیتووەکان ئیتر ئەم دەسەڵاتە بەشتێکی هەتاهەتایی، چارەهەڵنەگر و رەوا نەزانن و رێگا نەدەن دەسەڵاتداران بەئاگر و ئاسن چاوترسێن و سەرکوتیان بکەن، کاتێک کە ئیتر مل بەئایدیۆلۆژیایەک نەدەن کەدەسەڵاتی ئەو چینە پاساو دەکات و هێزی مادی و مەعنەوی پێویست بۆ رووخاندنی چینی دەسەڵاتدار کۆبکەنەوە، ئەو کاتە شۆڕشی کۆمەڵایەتی گەشە دەکات.

پێکهاتنی گۆڕانکاری قووڵی ئابووری ئەم بارودۆخە دێنێتە کایەوە. ئەو پێکهاتەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەی لەسەردەمێکی دیاریکراودا بواری بۆ گەشەی هێزەکانی بەرهەمهێنان و سەروەتی مادی کۆمەڵ خۆشدەکرد، دەبێتە کۆسپێک لەسەر رێگای گەشەی زۆرتریدا. گەشەکردنی بەرهەمهێنان لەگەڵ رێکخراوی کۆمەڵایەتی، واتە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی بەرهەمهێناندا دەکەوێتە ناکۆکییەوە. ئەوە سەرچاوەی هەموو شۆڕشێکی کۆمەڵایەتییە.

شۆڕشی کۆمەڵایەتی دەسەڵاتی چینێک بەجێگای چینێکی دیکە دادەنێت و وەلانانی چینی دەسەڵاتداری پێشوو لەحکومەت زەمانەت دەکات. هەر شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی شۆڕشێکی سیاسی بەدواوە دەبێت. بەگشتی تایبەتمەندی دیاریکراوی شۆڕشە بۆرژواییەکان رووخاندنی دەسەڵاتی پاشایەتی رەهاو جێگیرکردنی دەسەڵاتی سیاسی پەرلەمانی لەلایەن بۆرژازییەوەیە. پەرلەمانی شوڕا لەشۆڕشی هۆڵەندا دەسەڵاتی "فیلیپی دووهەم"ی ئیسپانیای لەنێو برد. لەشۆڕشی ساڵی ١٦٤٩دا پەرلەمانی بەریتانیا ئیستبدادی چارلزی یەکەمی وەلانا. کۆنگرێسی ئەمریکا دەسەڵاتی جۆرجی سێهەمی بەسەر سێزدە ویلایەتی موستەعمەرەدا لابرد. لەشۆڕشی فەڕەنسادا پەرلەمانە جۆراوجۆرەکان دەسەڵاتی خانەدانی پاشایەتی بۆربۆنەکانیان رووخاند.

ئەگەرچی هەر شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی لەهەمان کاتدا شۆڕشێکی سیاسیشە، بەڵام هەر شۆڕشێکی سیاسی پێویست ناکات حەتمەنە "شۆڕشی کۆمەڵایەتی" بێت. شۆڕشێک کە تەنها سیاسی بێت تەنها لەرێگەی شۆڕشەوە شێوەیەک لەدەسەڵات، واتە شێوەیەک لەدەوڵەتی چینێک دەگۆڕێت و بەجێگای شێوەیەکی دیکە لەدەوڵەتی هەر ئەو چینە دادەنێت.

بەم پێیە شۆڕشەکانی ١٨٧٠، ١٨٤٨، ١٨٣٠ لەفەڕەنسا، کۆمەڵێک شۆڕشی سیاسی بوون کە بەریز دەسەڵاتی ژوئیە، کۆماری دووهەم، ئیمپراتووری دووهەم و کۆماری سێهەمیان هێنایە سەرکار. ئەمانە هەموویان سێ شێوەی سیاسی جۆراوجۆری دەسەڵاتی چینێکی کۆمەڵایەتی، واتە بۆرژوازی بوون. بەگشتی دەتوانین بڵێین شۆڕشە سیاسییەکان شێوەی سیاسی دەوڵەتی چینێکی کۆمەڵایەتی دەگۆڕین. ئەوەش لەهەر دەورەیەکدا بەوەوە گرێی خواردووە کە بەرژەوەندی کام تووێژ و کام باڵی چینی دەسەڵاتدار زاڵە.

## ٦. تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتی بۆرژوایی

بۆرژوازی تازەپێگەیشتوو دام و دەزگای دەوڵەتی خۆی لەهیچەوە پێک نەهێنا. سەرەتا بەوە قەناعەتی کرد کەدام و دەزگای دەوڵەتی پاشایەتی رەها بەدەستەوە بگرێت و دواتر بۆ ئەوەی بیکات بەدەزگایەک کە لەخزمەت بەرژەوەندییە چینایەتییەکانیدا بێت نوێژەنی کرد.

تایبەتمەندی دەوڵەتی بۆرژوایی لەوەدایە کە ئەم دەوڵەتە بێجگە لەوەی ئامرازی سەرکەوت و ئایدیۆلۆژی بەدەستەوەیە، بۆ وەگەڕکەوتنی بێ دەردیسەری ئابووری سەرمایەداریش زۆر پێویستە: واتە بارودۆخی گشتی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری دەپارێزێت. لەراستیدا بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بەرهەمهێنانی کالایی گەشەکردووە کە لەسەر بنەمای خاوەندارێتی تاکەکەسی و کێبڕکێ دامەزراوە. ئەمە بەو مانایەیە کە بەرژەوەندی هاوبەشی بۆرژوازی وەکو چینێک لەگەڵ قازانج و بەرژەوەندی سەرمایەداران تەنانەت دەوڵەمەندترینیان ناتەبایی هەیە. دەوڵەت بۆ ئەوەی بتوانێت نوێنەری ئەم بەرژەوەندییە هاوبەشەی بۆرژوازی بێت، تا رادەیەک سەربەخۆیی بەدەست دێنێت. بەوتەی ئەنگڵس دەوڵەت "کومیتەی ناوەندی چینی سەرمایەدار"ە.

بۆ ئەوەی کە ئابووری سەرمایەداری بەشێوەی ئاسایی، تەنانەت ئەگەر نەک بەتەواوی گونجاویش کار بکات، دەبێ بارودۆخێکی یاسایی و ئەمنیەتی سەقامگیر و یەکسان بۆ گشت سەرمایەداران هەبێت. لانیکەم بازاڕێکی نەتەوەیی، سیستەمێکی پارە کە بەپێی ژمارەیەکی دیاریکراو لەدراوە نەتەوەییەکان بونیات نرابێت و سیستەمێکی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی یاسا فەرمییەکان (واتە یاسا نووسراوەکان) پێویستە. تەواوی ئەم بارودۆخە بەشێوەی خۆڕسک لەبەرهەمهێنانی شەخسی یان لەکێبڕکێی سەرمایەدارییەوە بەدەست نایەت. دەوڵەتی بۆرژوایی ئەم بارودۆخە دەرەخسێنێت.

کاتێک کەبۆرژوازی لەبواری ئابوورییەوە لەسەردەمی گەشەدایەو لەبواری کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە لەدەسەڵاتەکەی دڵنیایە، هەوڵ دەدات تا ئەو جێگایەی بۆی دەکرێ کاری دەوڵەت کەمتر بکاتەوە. بەڵام لەبارودۆخێکدا کە دەسەڵاتی بۆرژوایی لاواز و بەرەو فەوتان دەچێت، بۆرژوازی هەوڵ دەدات ئەم فۆنکسیۆنانە پەرەپێ بدات بۆ ئەوەی دەوڵەت قازانجی تایبەتی زەمانەت بکات.

**روونکردنەوە: ئەم بابەتە لەکتێبی "ئەلف و ب"ێی مارکسیزم لەنووسینی ئێرنێست مەندێل وەرگیراوە.**

**وەرگێرانی: ئاسۆ شابان**



# شانە حیزبییەکان و ئاکسیۆنە کرێکارییەکان

# ڕۆڵی حەیاتیی ئاژیتاتۆر

## بەشی سێهەم

> **هەر نارەزایەتی و خەباتێکی کرێکاری، تەنانەت ئەگەر حیزبە سیاسییەکان لەوێدا کەمترین نفوزیشیان هەبێ، بە شێوەیەکی سروشتی ڕابەرانی خۆیان دەخوڵقێنن. کەسانێك کە شەهامەتی چوونە پێشەوە و خەبات، لە خۆدا دەبینن، کەسانێك کە بە پلەی جیاواز ئەم ئەرکەیان لەسەر شانی خۆیان داناوە، کە ببنە دەمڕاستی (قسەکەری) ئاشکرای کرێکاران، خواست و ئارەزووی کرێکاران لە قسەکانیاندا ڕابگەیەنن...**

ئەوەی، کە بەر لە هەر شتێک لە خاڵەکانی پێشەوەدا دەردەکەوێت، ڕۆڵی بەرچاوی ڕابەرانی عەمەلی و ئاشکرا و بە شێوەیەکی گشتی ئاژیتاتۆرەکانە لە بزووتنەوەی کرێکاریدا. هەر ئاکسیۆنێک بە شێوەیەکی لێک نەپچڕاو بە کارکردی ئەم کەسانەوە بەستراوەتەوە. ئەم جۆرە هەڵسووڕاوانە واتە، کرێکارانێکی پێشڕەوتر کە ڕۆڵێک لە هەر بەشداریکەرێکی ئاسایی لە ئاکسیۆندا لە ئەستۆ دەگرن، دەچنە ڕیزی پێشەوەی کرێکاران، قسەیان بۆ دەکەن و تێدەکۆشن ببنە نوێنەر و قسەکەر و ڕابەرانی نارەزایەتی و مانگرتن، هەمیشە و لە هەر بزووتنەوەیەکی نارەزایەتیدا وجودیان هەیە. ئەمانە بەرهەمی (سروشتی) نارەزایەتین.

هەر نارەزایەتی و خەباتێکی کرێکاری، تەنانەت ئەگەر حیزبە سیاسییەکان لەوێدا کەمترین نفوزیشیان هەبێ، بە شێوەیەکی سروشتی ڕابەرانی خۆیان دەخوڵقێنن. کەسانێک کە شەهامەتی چوونە پێشەوە و خەبات، لە خۆدا دەبینن، کەسانێک کە بە پلەی جیاواز ئەم ئەرکەیان لەسەر شانی خۆیان داناوە، کە ببنە دەمڕاستی (قسەکەری) ئاشکرای کرێکاران، خواست و ئارەزووی کرێکاران لە قسەکانیاندا ڕابگەیەنن، بەم پێیە دەتوانن لە ناو کرێکاراندا خۆشەویست و قسەڕۆیشتوو بن. کەسانیک کە لە ئاستی ئاگایی و پەیمانداریی گشتیی کرێکاران زیاتر تێدەپەڕن و خۆیان وەک ڕابەر و پەیماندەری ڕێنمایی کرێکاران دەبینن. ئەمانە کرێکاری هۆشیارتر، پڕ شۆڕ و شەوق و بە ئەزموونترن، کە توانای هەژاندن و وەڵامدانەوە و ڕێبازدیاریکردن لە خۆیاندا دەردەخەن. دەخاڵەت لە گفتوگۆکاندا دەکەن، لە کاتە ناسکەکاندا کرێکاران لە دوودڵی وسەرەگێژە دەردەهێنن و ڕێگای ڕوو لە پێشیان بۆ دیاری دەکەن. سروشتییە، کە ئەم ڕابەرە خۆبەخۆیانە هێندێک جار هەڵە بکەن، لەوانەیە لە بنچینەدا بە درکێکی ڕاست لە بەرژەوەندییەکانی چینی کرێکار و شێوەکانی خەبات چەکدار نەبن، جارێک توندڕەوی و جارێک سازش بکەن، بەڵام سیفەتێک لە هەموویاندا هاوبەشە، ئەویش توانای وەستانە لە ڕیزی پێشەوەی کرێکاران و کاریگەرییانە لەسەر کرێکاران لە ڕێگەی ڕۆشنکردنەوە و بەڵگەهێنانەوە و هەژاندن و شەهامەتی خۆدەرخستنی فەردی. هیچ ئاکسیۆنێ بەبێ ئەوەی کرێکارانێک خۆیان بەرنە ئەو مەوقیعە ڕابەرییەوە، بە شوێنی خۆی ناگات و لە هەمان کاتدا هیچ ئاکسیۆنێک نییە کە بە شێوەیەکی سروشتی کرێکارانێک نەنێرێتە ڕیزی پێشەوە و جوڵەی خۆی بە هێزی دیاریکەری ئەوان نەبەستێتەوە. لەو جێگایەی کە بزووتنەوەی کرێکاری توانیویەتی جۆرێک لە ڕێکخستنی پایەدار بەسەر بۆرژوازیدا بسەپێنێ (وەکوو: یەکێتی، شوورا، دەستەی نوێنەرایەتی و ...)، ئەم تاکانە بە شێوەیەکی سەرەکی لە شوێنە هەستیارەکانی ئەم ئۆرگانانەدا دەگیرسێنەوە و ڕۆڵی خۆیان بە فەرمی و لە ڕێگەی ئۆرگانە جێکەوتووەکانی ڕابەرایەتییەوە دەگێڕن (بێگومان لەم هەلومەرجەدا ئەم ئەفرادانە تا ڕادەیەکی زۆر لە لایەن ئەم ڕێکخراوانەوە هەرس دەکرێن و دەبنە بڕبڕەپشت و قسەکەرانی سیاسەتی زاڵ بەسەریدا و بەم پێیە بە لادانی ئەو ڕێکخراوە لە بەرژەوەندیی کرێکاران هەمیشە بەشێکی زۆر لە هەڵسووڕاوترین کرێکارانیش لە سنووری خەباتی ئوسوڵیی کرێکاری دەچنە دەرەوە، وەکوو سەندیکا ڕیفۆرمیستەکان و لەو چەشنە). بەڵام لە هەلومەرجی ئێستای ئێراندا، کە خەبەرێک لە شوورا و سەندیکا نییە، ئاژیتاتۆر نەک بە ئۆتۆریتەی شوێنی فەرمی لەم یان لەو کۆمیتە و یەکێتیی کرێکاریدا، بەڵکوو بە زۆری بە پشتبەستنی نفوز و خۆشەویستی خۆی لەنێو کرێکاراندا، جێی خۆی لە ئاکسیۆنەکاندا دەکاتەوە. تایبەتمەندی ئەم هەلومەرجە ئەمەیە، کە ڕیزی ڕابەرایەتی کرێکاران بە توندی لە گۆڕاندایە. سەرکوتی هەر ئاکسیۆنێکی کرێکاری لە لایەن بۆرژوازییەوە جار لە دوای جار دەبێتە هۆی دەستگیرکردن و دەرکردنی ئاژیتاتۆرەکان و ڕابەرە ناسراو و کۆنترەکان و بەم پێیە کرێکاران لەنێو خۆیاندا بە ناچار هەر جارە بە دوای پەیداکردنی ڕابەرانی نوێوەن. لە لایەکەوە بەردەوامیی خەبات لەبەریەک دەترازێ، دەستمایەی ئەزموون لەنێو ڕابەراندا کەم دەبێتەوە، هەمیشە بزووتنەوەکە لەگەڵ لاوازیی عەمەلیی ڕابەرایەتیی ئاشکرا ڕووبەڕووە و لە لایەکی دیکەوە بۆشاییەک دروست دەبێ، کە هەر جارە کرێکارانێکی نوێ بۆ مەیدانی ڕابەری و ئەژیتاسیۆن کێش دەکات. لاوازیی هەمیشەییی ڕابەرایەتی هاوکات لەگەڵ هەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە کەسانی پڕ شۆڕ و شەوق ئامادە بۆ چوونە پێشەوە، یەک تایبەتمەندیی گرنگی بزووتنەوەی کرێکارییە لە ئێراندا.

کاتێ کە لە ڕابەرانی ئاشکرا و عەمەلیی بزووتنەوەی کرێکاری دەدوێین ئەم تەیفەمان لە بەرچاوە. تەیفێک کە هەر کرێکارانێکی پێشڕەو دەگرێتەوە، کە لە کۆنەوە کاری ڕابەرایەتی ئەنجام دەدەن و خاوەن ئەزموونی کاری ڕێکخراو و ڕابوردوویەکی دوور و درێژن لە مەسەلەی ئاژیتاسیۆن، وە هەم کرێکارانێکی پڕ شۆڕ و شەوقی تازەش دەگرێتەوە، کە هەنگاو بەهەنگاو توانایی خۆیان لە ئاکسیۆنەکاندا دەسەلمێنن و خۆشیان بەکردەوە دەخەنە ڕۆڵی ڕابەرییەوە. جەور و ستەمی دەیان ساڵە و سەرکوتکردنی دڕندانەی بزووتنەوەی کرێکاری لە لایەن بۆرژوازییەوە لە ئێران لەوانە بەم ئەنجامەش گەیشتووە، کە حیزبەکان و گروپە سیاسییەکان ژمارەیەکی کەمیان لەم ڕابەرانە بۆ ڕیزەکانی خۆیان ڕاکێشاوە. زۆربەی ئەم تاکانە خاوەنی پەیمان و لایەنگری و ڕێکخراوەیی نین، بە یەک وشە، ئەم کرێکارانە ناحیزبی و ناڕێکخراون، بێگومان ڕۆژێک دێت لە ئەنجامی هەوڵ و تەقەلای ئێمە و گەشەی حیزبی کۆمۆنیست لەنێو کرێکاراندا بەشێکی بەکار و بەرچاوی ڕابەران و ئاژیتاتۆرە خاوەننفوزەکانی بزووتنەوەی کرێکاری بێنە نێو حیزبەوە، ڕۆژێک کە ئاژیتاتۆرە کۆمۆنیستەکان لێدانی دڵی نارەزایەتییەکانی کرێکاری لە هەموو ئاستێکدا بە دەستەوە بگرن. بەڵام ئەمڕۆ ئاوها نییە. ئەمە ئەو واقیعیەتەیە کە هەر شانەیەکی حیزبی، کە مەسەلەی ڕابەری و دەخاڵەت لە ئاکسیۆنە نارەزایەتییەکاندا دەخاتە بەردەم خۆی، دەبێ بە باشی بیناسێ. ڕێنمایی خەباتی نارەزایەتی، بەبێ ئاژیتاتۆر، بەبێ ڕابەرانی عەمەلی و عەلەنیکاری کرێکاری مومکین نییە. ڕابەرایەتی لە سەروو ئەوانەوە ئیمکانی نییە. سەرکەوتنی ئێمە لە دیاریکردنی هەنگاوی ئوسوڵی بەرەو پێش لە بزووتنەوەی کرێکاری و لە لێووردبوونەوەی زیاتری شێوەکانی عەمەلیی شانە حیزبییەکان، بە تەواوی بە درکی ئەم واقیعیەتە بەستراوەتەوە.

**ماویەتی**

## لە بۆپێشەوەوە

- بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە "گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.
- بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێك بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.
- بابەتی بڵاوبووەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. ڕاسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.
- درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی ڕاگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.
- ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە.

# ئەنوەر حسێن (بازگر): ئەڵتەرناتیڤی جددی بۆ بارودۆخی کوردستان خەڵکە...



## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز ئەنوەر حسێن (بازگر)، نووسەر و ڕۆژنامەنووس ، سەبارەت بە گوشارەکانی بەغدا بۆسەر هەرێم و ئایندەی سیاسی کوردستان”

### بەشی یەکەم

**بۆپێشەوە: بڕیار و گوشارەکانی بەغدا لە دوای شەڕی داعش و (16) ئۆکتۆبەرەوە بۆ سەر دەسەڵاتی هەرێم بەردەوامە، هۆکاری سەرەکی ئەم گوشارانە چییە؟**

**ئەنوەر حسێن:** هۆکارە سەرەکییەکە ئەوەیە؛ ناوەند تا دێت خۆی بەهێز دەکات، هەرێمیش بەرەو لاوازی دەچێت. ناوەند بە پشتیوانی ئەمریکا، کۆماری ئیسلامی ئێران و وڵاتانی عەرەبی دەورونەخشی زۆرتری پێ دراوە، توانیویەتی هەم خۆی ڕێکبخاتەوە، هەم وانیشانی ئەمریکا و دۆستەکانی بدات، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەند نابێت بە بڕیارەکانی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵەوە، ئەوان دەیانەوێت عێراقی یەکگرتوو هی هەموان بێت، لە ڕاستیدا ئەم قسانە بەشێکی حەقیقەتی تێدایە، بەڵام قسەکە ئەوەیە؛ بۆچی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا چرای سەوزی بۆ پشتیوانیکردن لە حکومەتی عێراقی هەڵکردوە؟ چونکە:

حکومەتی ئەمریکا گلەیی لە هەرێمی کوردستان هەیە، گلەیی لە یەکنەخستنی هێزی پێشمەرگە هەیە، بوونی گەندەڵی، بوونی کێشە و گرفت و هۆکاری سیاسی تر، بۆیە کاتێک کە پشتگیری عێراق و بەغدا دەکات، بە جۆرێک لە جۆرەکان نیگەرانە لە هەرێمی کوردستان، بێگومان ڕووداوەکانی ڕیفراندۆم و شانزەی ئۆکتۆبەر و کێشە و قەیرانە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان و ململانێکانی نێوان ئەحزابی سیاسی کوردستان هەموو ئەوانە ڕۆڵی هەیە، هەربۆیە حکومەتی عێراقی بەردەوام کێشە و گرفتی لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەبوە، بەڵام هەنگا و بە هەنگاو کارەکانی کردوە و بڕیارەکانی داوە و فشاری لەسەر هەرێم دروستکردوە.

بۆیە دواین هەوڵی ئەوەیە؛ کە هەوڵە دیپلۆماسییەکانی سەریگرت، بەوەی تورکیا ڕازی بکات، کە نەوت لە هەرێمی کوردستان وەرنەگرێت و نەوتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگای بۆرییەکانی تورکیاوە نەفرۆشرێت بۆیە ئەو ڕێگایەی بڕیوە، دوابەدوای ئەوە بودجە و مووچەی هەرێمی کوردستان، کە بڕیار بوو بینێرێت، نایینێرێت و پەیوەستی کردوە بە هەندێ هۆکاری سیاسی و ئیقلیمییەوە.

دیارە ئەوەی لە عێراق و بە هەرێمی کوردستان-یشەوە ڕوودەدات گرژی و پەیوەندییەکان زۆرتر سیاسیین تا ئیداری و حکومی بن، بەڵام ئەوان بەرگێکی ئیداری بەبەردا دەکەن، ئەوە چەند مانگە حکومەتی عێراق بودجەی هەرێمی کوردستان نانێرێت دەڵێت؛ لەبەرئەوەی ئەوان (8) تریلیۆن دینار قەرزاری عێراقن و داهاتە نانەوتییەکانیان نەناردوە.

> **ئەوەی لە عێڕاق و بە هەرێمی کوردستان-یشەوە ڕوودەدات گرژی و پەیوەندییەکان زۆرتر سیاسیین تا ئیداری و حکومی بن، بەڵام ئەوان بەرگێکی ئیداری بەبەردا دەکەن...**

بۆیە بەبڕوای من هۆکارەکانی زیاتر سیاسییە. نەک هەر بەم نزیکانە چارەسەر نابێت، بەڵکو پێدەچێت حکومەتی بەغدا فشاری زۆرتریش بکات و کارتی زۆرتری ناوخۆیی و ناوچەیش بەکار بهێنێت، بۆنموونە فاکتەرێک کە پەیوەندی بە نەناردنی مووچەوە هەیە؛ فشاری ئێرانە بۆ دەرکردن و چەککردنی کۆمەڵە و دیموکرات یان ڕاگرتنی نەوتی عێراق، تورکیا داوای دەرکردنی پەکەکە دەکات.

**بۆپێشەوە: گوشارە بەرەوامەکانی بەغدا بۆسەر هەرێم، بەرهەمی پابەندبوونی دەسەڵاتی ناوەندە بە فیدراڵیزم و دەستورەوە، لە هاوسەنگی تازەی نێوان بەغدا و هەرێمدا، یان وەکو هەندێک دەڵێن؛ پاشگەزبوونەوەی بەغدایە لە فیدراڵیزم و دەستور؟**

**ئەنوەر حسێن:** لە حەقیقەتدا نە عێراق دەوڵەتێکی فیدراڵە، نە عێراق خۆی کار بەم چەمکە دەکات، نە هەرێمی کوردستان-یش پابەندە بەم چەمکەوە بۆ؟ چونکە:

یەکەم: حکومەتی عێراق، هەرێمی کوردستان یان کورد وەکو نەیار سەیر دەکات، بەوەی هەمیشە دژیەتی، ئەو بۆچوونەی یان تەوەهومەی سونییەکان هەیانبوو لەماوەی هەشتاوسێ ساڵی ڕابردوودا، شیعییەکانیش بەهەمان شێوە هەیانە.

دوەم: حکومەتی عێراقی لەژێر کاریگەری کۆماری ئیسلامی ئێران و تورکیا دایە، کە ئەوانیش نەیاری هەرێمی کوردستانن.

ئەمە ڕەهەندێکی بابەتەکەیە، کە حکومەتی عێراقی بەرپرسە. حکومەتی هەرێمی کوردستانیش ئەم پابەندی و باوەڕییەی نییە کە عێراق دەوڵەتێکی فیدراڵە، چونکە ئەگەر عێراق دەوڵەتێکی فیدراڵە و حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیعتراف بەمە دەکات، بۆچی داهاتە نەوتییەکانی سەربەخۆ دەفرۆشێت؟ بۆچی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی سەربەخۆ ڕێکدەخات؟ بۆچی هێزی پێشمەرگەی سەربەخۆی هەیە؟... لە کاتێکدا بەپێی دەستور دەبێت هەموو ئەمانە لەژێر سایەی دەوڵەتی فیدراڵدا بێت. دەیان جار حکومەتی عێراقی گلەیی کردوە ئێمە لەگەڵ فرۆشتنی نەوت نیین بەو شێوەیە، کە نازانین داهاتەکەی چەندە و چەند دەفرۆشرێت، ڕایگەیاندوە دەبێت؛ پەیوەندییە دیپلۆماسی و سیاسییەکان لەگەڵ وڵاتانی دەورووبەر لەڕێگەی عێراقەوە بێت و زۆر کێشەی تر، بەڵام هەرێم گوێی پێنەداوە.

بۆیە دەڵێم؛ لەڕاستیدا هیچیان بڕوایان بە دەوڵەتێکی عێراقی فیدراڵی نییە، هەرچەندە دەستوری عێراق دوای ڕووخانی بەعس ساڵی (2005) نووسراوەتەوە و وادەڵێت، بەڵام عەمەلەن هیچ وا ناچێتە پێش.

من پێم وایە دەستور بۆ وڵاتێک جێگەی ڕێزە و دەتوانێت گرنگی هەبێت، کە دیموکراسی بێت، بەڵام عێراق ئێش بە دەستور ناکات، لە کوێ پێی خۆش بوو دەستور پێشێل دەکات، لە کوێ پێی خۆش بوو کاری پێ دەکات، بۆنموونە چارەسەرکردنی کێشەی ماددەی (140) لە دەستور هاتوە ئەی بۆ چارەسەری ناکات؟ نەخێر بابەتەکە ئەوە نییە، بەڵکو ئەم عەقڵیەتە سیاسییەی ئێستا لەسەر کارە لە عێراق بەهەمان شێوەی عەقڵیەتی پێشووی سوننییەکانە، پێیان وایە ئەوان زۆرینەن، کورد و سوننە ئەو مافەیان پێنادرێت وەکو چۆن سوننیەکان ئەوەیان کردوە.

بۆیە پێم وایە ئەمە دیوێکیەتی، دیوێکی تر دەخالەت و فشار و هەیمەنەی بەتایبەتی ئێران لەسەر عێراقە، عێراق ناتوانێت هیچ جوڵەیەک بکات و بڕیارێک بدات بە بێ کاریگەری ئەو وڵاتە لەسەری، بۆنموونە هەموو هێزە سیاسییە شیعەکانی عێراق لەژێر کاریگەری ئێراندان.

بەڵام قسەکە ئەوەیە باسی دەستور، دەوڵەتی فیدراڵ و یاسا و قانوون دەکرێت، حکومەتی هەرێمی کوردستان-یش پابەند نییە پێوەی، کەرکوک لە ڕابردوودا لە دەست کورد بوو، بەڵام نەیتوانی ئیدارەی باشی بدات، نەیتوانیوە پێکهاتەکان ڕازی بکات، نەیتوانیوە بەجددی هەوڵ بۆ گەڕانەوەی ماددەی (140) بدات، گەر سەرنج بدەین لە کێشەکانی نێوان ئەریتریا و ئەسیوپیا لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوو تا جیابوونەوەی ئەریتریا لە ئەسیوپیا دەیان جار دەستور نووسراوەتەوە، بەڵام هەرکام لە حاکمەکانی هاتوونەتە سەر دەسەڵات لە ئەسیوپیا بۆ چەوساندنەوەی ئەریترییەکان ئەوکاتە دەستورەکەیان هەڵوەشاندوەتەوە، ئاڵاکانی ئەریترییەکانیان داگرتوە و هەموو مافەکانیان لێ سەندوەتەوە تا بە جیابوونەوەی ئەریتریا لە ئەسیوپیا لە ساڵی (1993)، واتا حەل جیابوونەوەی کوردستانە لە عێراق.

لەبەرئەوە لە دەوڵەتی نادیموکراتییدا، پێموانییە دەستور بتوانێت چارەسەری کێشەی نێوان هێزە سیاسییەکان و سیستمە سیاسییەکان بکات، بەتایبەتی کە عێراق و هەرێمی کوردستان مێژوویەکی خوێناوییان بەیەکەوە هەیە، لەڕووی ئیتنیکی، تائیفی، مەزهەبی، سیاسی و مێژووییەوە تا دەگات بە هەموو ئەو بەرژەوەندییەشی کە هەیە.

> **لە حەقیقەتدا نە عێڕاق دەوڵەتێکی فیدراڵە، نە عێڕاق خۆی کار بەم چەمکە دەکات، نە هەرێمی کوردستان-یش پابەندە بەم چەمکەوە ...**

**بۆپێشەوە: گوشارەکانی بەغدا تا چەندە کەرکوک و ناوچە کێشە لەسەرەکانی گرتۆتەوە؟ زۆرجار گوێ بیستی سیاسەتی ڕاگواستن و تەعریب دەبین، ئەمە تا چەندە ڕاستە؟**

**ئەنوەر حسێن:** وەکو پێشتر ئاماژەم بۆ کرد، چۆن سەردەمی حاکمیەتی بەعس و سوننەکان ئەو ناوچانە تەعریب و تەرحیل کرا، بەشێکی زۆری بەتایبەت ناوچە نەوتییەکان چۆڵ کرابوو، ئێستاش دەوڵەتی عێراقی بەهەمانشێوە بەجۆرێکی تر ئەو مامەڵەیە دەکات، ئەو ناوچانە لەڕووی مێژوویی، نێودەوڵەتییەوە زۆربەی کوردبوون دانشتوانەکەی کوردبوون و سەر بە خاکی کوردستانن، بەڵام دانی بە

هیچ کام لە مانە نەناوە و نەیگێڕاوەتەوە، بەدوای ڕووداوەکانی (16)ی ئۆکتۆبەر ئەوەی ڕزگاریش کرابوو لە دوای (2003)ەوە لە دەستی بەعس، هەمووی کەوتەوە دەستی عێراق و شیعەکان، ئێستا حەشدی شەعبی حاکمییەت دەکات لە کەرکوک و خانەقین... کە ئەوە بۆ ئەوان زۆر گرنگ بوو، بەڵام (16)ی ئۆکتۆبەر هۆکار و دەرئەنجامی هەیە کە دەرئەنجامی ڕیفراندۆمە ئەوەیە؛ هێزە سیاسییە

چوونە دەرەوە بۆسەر دەریای عێراقە، کەرکوک شادەماری ئابووری ئەو دەوڵەتەیە، لەبەرئەوە حکومەتی عێراقی و کەس ئامادە نییە دەستبەرداری بێت و هەوڵی تەعریبکردنی دەدات، هەوڵی گۆڕینی دیموگرافیاکەی دەدات.

بەهەرحاڵ کەرکوک چاوی زۆر لەسەرە، کورد نەیتوانی باش ئیدارەی بدات و لە داهاتووشدا ناگەڕێتەوە سەر کوردستان، چونکە یەکێکە لە پارێزگا هەرە گرنگەکانی بواری ئابووری بۆ عێراق.

پەیوەندییەکانیشی باشکردوەتەوە لەگەڵ تورکیا و عەرەبستانی سعودیە و وڵاتانی نەیاری پێشووی و ئێران زۆرتر دەخالەت دەکات، ئەمریکاش ئەگەر پشتیوانی حکومەتی ناوەند ناکات چاوپۆشیش لەو بڕیارانە دەکات کە دەیدات، ئەوە بەو مانایە دێت کە نیگەرانە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان.

بۆیە بەبڕوای من تێکەڵ بوونەوە نییە، تا کۆتایی تێکەڵ نابێتەوە، جگە لە یەک حاڵەتدا بوونی هێز، بە جۆرێک ناوەند بە هێز بێت و

## بەبۆچوونی من لەهەر حاڵەتێکی ئاسایی و نائاساییدا گەڕانەوەی کەرکوك بۆسەر هەرێمی کوردستان کارێکی "غەیر مومکینە"

کوردییەکان لە ساڵی (2003)ەوە تا (16)ی ئۆکتۆبەر حاکمییەتی کەرکوک بوون، بەڵام نەیانتوانیوە نموونەیەکی باش پێشکەش بکەن، کە پێکهاتەکانی تری کەرکوکیش هەست بە ئارامی و ئاسایش بکەن، ئەگەر سەیری پەیەدە بکەین لە عەفرین، ڕەقە، سەرێکانی و گرێ سپی و دێرەزور توانیویەتی ئەوە بکات، کە پێکهاتەکان لە خۆی ڕازی بکات.

دەتوانم بڵێم؛ تا سەردەمی مام جەلالیش کەرکوک ئارامتر بوو، پێکهاتەکان دەیانتوانی بەیەکەوە بژین، بەداخەوە دواتر ئەو ڕەوشە بەردەوام نەبوو، دەسەڵاتدارانی کورد لە کەرکوک نەیانتوانی کەرکوک باش بەڕێوە بەرن، بۆیە (16)ی ئۆکتۆبەریشی بەسەردا هات.

بەبۆچوونی من لەهەر حاڵەتێکی ئاسایی و نائاساییدا گەڕانەوەی کەرکوک بۆسەر هەرێمی کوردستان کارێکی "غەیر مومکینە" ئەوەی ئێمە بانگەشەی بۆ دەکەین، هەروەکو چۆن گەڕانەوەی قودس بۆسەر فەڵەستین لە ساڵی (1948)ەوە کارێکی مومکین نەبوە، تا ئەوەی ئیسرائیل لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا بڕیاری دا بیکاتە پایتەختی خۆی، بە بیست و دوو دەوڵەتی عەرەبی لە ساڵی (1948)ەوە نەیانتوانی قودس بگەڕێنەوە سەر فەڵەستین واقیعەتەکە ئەوەیە.

بۆیە پێم وایە سەدان ساڵی تریش کەرکوک ناگەڕێتەوە سەر کوردستان، هەر بەم کێشە و گرفتانەی دەمێنێتەوە، دەتوانم بڵێم؛ کەرکوک عێراقێکی بچکۆلە کراوە، کێشە تائیفی و ئیتنیکی مەزهەبییەکانی بەردەوام دەبێت، چاوتێبڕینی تورکیا لە دوای ئەوەی کە لە جەنگی یەکەمی جیهانی و شکستی ئیمڕاتۆریەتی عوسمانی لێیی دەستێننەوە، بەریتانییەکان و فەڕەنسیەکان و ئەمریکییەکان ئاڵوگۆڕێک بە ناوچە گرنگەکانی خۆیان لە نێوان موسڵ، شام و ئامەد دەکەن، تورکیا و کورد هێشتا چاوی لەسەرییەتی، هۆکارەکەشی بەشێکی پەیوەندی بە "نەوت"ەوە هەیە، لە عێراق ئەگەر بەغدا دڵی دەوڵەتە، بەسرە ڕێگای

**بۆپێشەوە: ئایا هەنگاوەکانی بەغدا لە دژی هەرێم و سیاسەتی خۆگرێدانەوەی پارتی و یەکێتی بە بەغدا، بەمانای تیکەڵ بوونەوەی بەکردەوەی کوردستانە بە عێراقەوە؟**

**ئەنوەر حسێن:** ئەوەی ڕوویداوە؛ دەرئەنجامی تێگەیشتنی سیاسەتی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکایە بەرامبەر بە هەرێم و عێراق یان دەتوانم بڵێم: بەجۆرێک لە جۆرەکان خۆ کشانەوەیەتی لە هەرێم و پشتیوانیکردنە لە ناوەند.

ئەمریکا دەورونەخشی زۆری لە عێراق هەیە، بۆچی تاوەکو ئەمریکا ڕازی نەبوو، نەوتی هەرێمی کوردستان هەر لە ڕێگای تورکیاوە دەفرۆشرا؟ بەڵام کاتێک دادگای پاریس بڕیاری دا کە ئەو کەیسە نایاساییە، ئەمریکاش قسەیەکی نەکرد بە شێوەیەک لە

پەلاماری کوردستان بدات و داگیری بکات، ئەگەر نا ئەوەی تێکەڵ ببێتەوە، بە خواستی خەڵکی کوردستان یان بە خواستی ئەحزابی سیاسی، کارێکی نا موومکینە، بەڵام نازانم ڕووداوەکانی دواتر چی ڕوودەدات؟ پێشموایە ئەگەر ئاڵوگۆڕی جددی ڕوونەدات، حکومەتی عێراق بەهێزتر دەبێت و فشاری زۆرتر لەسەر هەرێمی کوردستان دەکات و ڕەنگە ناوەند، هەرێمی کوردستان ناچار بە زۆر کاری تر بکات.

**بۆپێشەوە: گوشارەکانی بەغدا هەر لەدژی دەسەڵاتی سیاسی هەرێمە، یان لە دژی خەڵکی کوردستانیشە؟**

**ئەنوەر حسێن:** لە ڕاستیدا عێراق دەیەوێت وانیشاییدات کە بڕیارەکانی ئیدارییین و دژی حیزب و حکومەتە، بەڵام لە ڕاستیدا دژی

**موچە و خزمەتگوزارییەکانی خەڵکی کوردستان چارەسەر دەکات" ئەگەر وایە سەرباری ڕێکەوتنی بەغدا و هەرێم، کەچی کێشەی موچە ماوە و تا ئێستا کە مانگی ئەیلول، موچەخۆران چاوەڕوانی موچەی مانگی پێشوون؟**

**ئەنوەر حسێن:** لەڕاستیدا عێراق دەیەوێت ئەو کارە بکات، بەشێک لە خەڵکی کوردستان ڕەنگە ڕێژەیەکی زۆر نەبێت ڕازیبن بەو کارە، ئەوەش دەرئەنجامی ئەوەیە؛ یەکەم: خەڵک نیگەرانە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کە مووچەکەی ناداتێ، یان داهات و فرۆشتنی نەوت و داهاتە نانەوتییەکانی بۆ خەڵک ڕۆشن و شەفاف نییە، خەڵک گومانی هەیە لەوەی کە پارە نەبێت. دوەم: خەڵک بەوەی ڕازییە حکومەتی عێراقی مووچەی پێی بدات ئەوە خوێندنەوەیەکی دروست نییە، چونکە حکومەتی عێراقی کە ئەمکارە دەکات بە خاتری ئەوە نییە؛ کە تاکی کورد وەکو هاوڵاتی و شارۆمەندی خۆی سەیر بکات و بڵێت؛ مافەکانی دابین دەکەم، بەڵکو دەیەوێت بڵێت؛ من دەتوانم شتێک بکەم کە حکومەتی کوردستان ناتوانێت بیکات، بەڵام ئەگەر مووچەش بدات ڕەنگە بۆ چەند مانگێک بێت، ئەوەش پێموایە جۆرێکە فۆرمی سیاسی بەخۆوە گرتوە، ئەگەر نا لەلایەنی واقیعە ئیدارییەکەوە نییە.

بۆیە ئەگەر مووچەش دەدات هێزی پاسەوانی سنور بە هی خۆی دەزانێت، بەڵام پێشمەرگە بە سەربازی خۆی نازانێت. لەبەرئەوە ئەو مووچەیە ناداتە دەست هێزی

## ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان چەند ساڵە بانگەشەی بۆ دەکرد، ئابووری سەربەخۆ، کە نە خەڵکی کوردستان قازانجیان لێکرد، نە داهاتەکەی بۆ خەڵك بوو، بەرپرسانی حکومەتی هەرێم وەکو خۆشیان دەڵێن؛ بیست و دوو ملیار دۆلار قەرزارن، پرسیارەکە ئەوەیە؛ نەوتیان فرۆشتوە یان نەوتیان کڕیوە!؟

شێوەکانی پشتیوانی کرد، بۆیە بۆرییەکەیان داخست و نەوتی کوردستانیان ڕادەستی عێراق کردەوە، ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان چەند ساڵە بانگەشەی بۆ دەکرد، ئابووری سەربەخۆ، کە نە خەڵکی کوردستان قازانجیان لێکرد، نە داهاتەکەی بۆ خەڵک بوو، بەرپرسانی حکومەتی هەرێم وەکو خۆشیان دەڵێن؛ بیست و دوو ملیار دۆلار قەرزارن، پرسیارەکە ئەوەیە؛ نەوتیان فرۆشتوە یان نەوتیان کڕیوە!؟

بەڵام پێموایە ئەوەی ئێستا ڕوودەدات دەرئەنجامە، حکومەتی عێراقی هەموو شتەکانی خستوەتەوە دەستی خۆی، کە نەوتە، بوودجەیە خۆی دەینێرێت، داوای داهاتە نانەوتییەکانیش دەکات، کەرکوک و خانەقینیشی کۆنتڕۆڵ کردوە،

خەڵکی کوردستانیشە.

خەڵکانێک لە کەرکوک دەژین، تەنها لەبەرئەوەی کوردن لە فەرمانگەی نەوت و کانزاکان دەردەکرێن.

بەڕێوەبەرە کوردەکان لادەبەن و تورکمانەکان دەخەنە شوێنیان. بەنزین نادرێت بە هاوڵاتییەکی چەمچەماڵ لە کەرکوک. واتا بڕیارەکە سیاسییە و دژی خەڵکە، ماناو مەغزای سیاسی و هەستی شۆڤێنێتی تێدایە، بەڵام بەغدا ماسکێکی ئیداری بەبەردا کردوە.

**بۆپێشەوە: بەشیک لەخەڵکی کوردستان بەتایبەتی موچەخۆران، دەیانەوێت بەغدا موچەیان بداتێ و لە ژێر دەسەڵاتی هەرێم نەمێنن، پرسیار ئەوەیە ئایا ئەوە کیشەی**

پێشمەرگە، چونکە پێیوایە هێزی پێشمەرگە نەک هەر دۆستی نییە، بەڵکو نەیاریشێتی، بەڵام پێیوایە پۆلیسێکی پاسەوانی سنوور لەژێر کۆنتڕۆڵی خۆیدایە کەی ویستی دەیجوڵێنێت یان لایدەبات.

خۆی لە ڕاستیدا سیاسەت بە نیەت ناکرێت، بەڵام گەر بەو جۆرەش سەیری بکەیت، حکومەتی عێراقی هیچ نیەتێکی باشی نییە، گرفتەکە ئەوەیە حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆی ناتوانێت ئیدارەی بارودۆخەکەی بدات، بۆیە پێموانییە ئەم بابەتانە بە ئاسانی چارەسەر بێت، هیوادارم کێشەی زۆرتریشی لێ دروست نەبێت، کە ڕەنگە دروست بێت، چونکە ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان ئابلوقە دراوە، لە دوای

## درێژەی...دیمانە لەگەڵ بەڕێز ئەنوەر حسێن

داخستنی بۆری نەوتی هەرێمی کوردستان و جەیهان کە مانگانە نەوتی هەرێمی کوردستانی لێ دەفرۆشرا و داهاتەکەشی دیار نەبوو، ئێستا تورکیا ئامادە نییە هەر لە ڕێگای ئەو بۆرییەوە نەوتی عێراق بفرۆشێت، بەڵکو داوایەکی هەیە یەکێکیان ئەوەیە؛ پەکەکە بە تیرۆریست بناسن، دوەمیان؛ کامپەکانی مەخمور و شەنگال دابخەن، سێیەمیان؛ هاوکاری هەواڵگرییان بکەن، لە سەردانەکەی هاکان فیدان ئەمە داواکاری بوە، کە حکومەتەکەی سۆدانی نەچۆتە ژێر باری هیچ کام لەو داوایانەوە بۆ؟ مانای وایە پەیوەندی هەیە بە هەژموونی ئێرانەوە.

لەلایەکی تریشەوە ئێران بە سودانی دەڵێت؛ مووچە مەنێرن بۆ هەرێمی کوردستان کێشەیان بۆ دروست بکەن تا ئەو کاتەی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی دەردەکەن لە هەرێمی کوردستان بەشێکی نەناردنی بوودجە و مووچە پەیوەندی بە دەخالەتی تورکیا و ئێرانەوە هەیە، بەڵام عێراق بەرگی ئیداری بەبەردا دەکات و قسەی سیاسی پێوە دەکات، دەڵێت؛ داهاتە نانەوتییەکانتان نەناردوە کە (8) تریلیۆن دینارە، یان دەڵێت؛ داهاتی نەوتان شەفاف نییە، ئێوە لیستێک بۆ عێراق دەنێرن (150) هەزار پێشمەرگەتان هەیە بۆچی ڕێژەکەی ئەوەندە زۆرە؟ فەرمانبەرەکانتان ڕوون نییە.

لە ڕاستیدا حکومەتی عێراقی زۆرتر بە دوای بیانو و جێبەجێکردنی ئەجێندای وڵاتانی دەرەکییە، بەڵام قسەکە ئەوەیە ئایا ئەگەر بگاتە کێشەیەکی گەورە لە نێوان بەغدا و هەولێر چەند خەڵکی هەرێمی کوردستان بەرگری لە حکومەتەکەیان دەکەن؟

حکومەتی هەرێمی کوردستان لەماوەی ڕابردوودا نەیتوانیوە شەفاف، ڕاستگۆ بێت و مافەکانی خەڵکی کوردستان جێبەجێ بکات، بۆیە خەڵک نیگەرانە و پێیوایە حکومەتی عێراق فریادڕەسە!، حکومەتی عێراقی ڕاستە مووچەی خەڵک دەدات، بەڵام هیچ ئاوەدانییەک لەژێر دەسەڵاتی خۆیدا نییە، حکومەتی عێراقی نە سوپاکەی ئینتیمای هەیە بۆ دەوڵەت، نە هێزە سیاسییەکانی ئینتیمایان هەیە بۆ پەرلەمان و حکومەتەکەی، ئەم هێزە سیاسییانەی کە لە جنوبی عێراقن بە شیعە و سوننەوە هەریەکەیان ئینتیمایان هەیە بۆ دەوڵەت و وڵاتێکی ناوچەکە و ئەجێندای ئەوان جێبەجێ دەکەن، هیچ وڵاتێک لە دنیادا نییە بە ئەندازەی عێراق پڕ بێت لە هەواڵگری وڵاتانی ناوچەکە و دەستێوەردانی هەبێت و داهات و سەروەت و سامانەکەی بۆ خۆیان بەرن و کێشە و گرفت دروست بکەن، هەمووشیان ئەوە دەزانن بە جۆرێک لە جۆرەکان حکومەتی هەرێمی کوردستان یان کورد نەیاری ئەوانە و مەترسییە لەسەریان، خۆشیان نەیانشاردوەتەوە، بەشێکی زۆری هێزە شۆڤێنییە عەرەبەکان، هەمیشە بە کورد دەڵێن؛ ئیسرائیلی دوەم لە ناوچەکەدا.

بۆیە پێناچێت بەم زوانە حکومەتی هەرێمی کوردستان و عێراق پێک بێن هەتا هەموو مەرجەکانی حکومەتی ناوەند جێ بەجێ نەکات، پێموانییە ئابلوقەکەی لەسەر بشکێنن، ڕەنگە ناچاری بکەن بە زۆر شتی تر، بەڵام لە واقیعدا هەرێمی کوردستان هێشتا دیفاکتۆیە و ئەمریکا دەستی لێ بەرنەداوە هەرچەندە گلەیی هەیە و پەراوێزی خستوە.

**حکومەتی هەرێمی کوردستان لەماوەی ڕابردوودا نەیتوانیوە شەفاف، ڕاستگۆ بێت و مافەکانی خەڵکی کوردستان جێبەجێ بکات، بۆیە خەڵك نیگەرانە و پێیوایە حکومەتی عێراق فریادڕەسە!، حکومەتی عێراقی ڕاستە مووچەی خەڵك دەدات، بەڵام هیچ ئاوەدانییەك لەژێر دەسەڵاتی خۆیدا نییە...**

**ماویەتی**

## درێژەی .... دوا وتە

مامۆستایان و پێشکەوتنی تەخەسوسیان تەرخان دەکرێت.
سیما و و نەخشەی بارەگا حزبیەکان و چەند بەرابەری قوتابخانەو باخچەی ساوایان و □ گرنگی پێدراوە.
هەموو پێداویستیەکانی وەکو فینک کەرەوە و گەرم کەرەوە بۆ گەرماو سەرما، لەهەموو دامو دەزگا حزبی و حکومیەکان بەزیادەوە هەن، و خوێندکاران و قوتابیان و مامۆستایانیش لەهەموو ئاستەکاندا، یان زۆرکەمیان هەیانە یان هەر نیانە.
باسی بێ ئاو و کارەبایی و هۆڵەکانی سەرگەرمی و وەرزشی و تاقیگە، پێداویستیە سەرەتاییەکانی فێرکردن و پەروەردە وەکو کۆمپیوتەرو هۆڵی پشودان و □.
دەتوانرێ بەشێوەی گشتی بووترێت لە ئاستی نەبوونـدایە.
وەسائیلەکانی هاتووچۆو دەماڵەی تێروتەسەل بۆ خوێندکاران و مامۆستایان، تا ئێستا خەونە و ئەوەی کەهەیە زۆرتر لە سوڵکەرانە دەچێت.
بوار بۆ چێژوەرگرتنی خوێندکاران و مامۆستایان لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا، نزیکە لەسفرو ئەوانەی بەمەبەستی دەستڕاگەیشتن بە زانست و زانیاری و پێشکەوتن دەخوێنن بەداخەوە فەزایەک زاڵکراوە بەسەریاندا کە زۆرتر وێڵی تێپەڕاندن و وەرگرتنی بەڵگەنامەن بۆ دامەزراندن و دابینکردنی و بژێوی ژیانی مەمرەو مەژیان. باسی کۆنی مەنهەجەکان و شێوەی وتنەوەی دەرس و تاقیکردنەوەکان و ترساندنی قوتابیان لە جەنگی دەچوون و دەرنەچوون و دەرەجە هێناندا، جەنگێکە هێندەی ڕووی لە کۆتایی ساڵی خوێندنە، نیوئەوەندە بیرکردنەوە لە ئایندەو پێشکەوتنی زانستی دورماوە نییە.
ترساندنی قوتابیان لەیەکتری و لێک جیاکردنەوەی کوڕان و کچان، جیاکرنەوەی یاری کچانەو کورانە. زۆرجار پەڕاندنی چەند بەش لە بەشی بایۆلۆژی و لە ژێرناوی شەرم عەیبەو دواکەوتووی کەلتوریدا، هەڕەشەو ڕەقی و تەنانەت مانەوەی لێدان و سزای ناپەروەردەیی لە قوتابخانەکاندا، بەسەر خوێندکاراندا، بیروکراتیەت، □. چەند بەشێکی ترن لە واقعیەتی قێزەونی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن.
ساڵی تازەی خوێندن، سیخناخە لەو ڕاستیانە، ئەو ڕاستیە تاڵانەی پرۆسەی خوێندن وپەروەردەو زانستی هێناوەتە خوارەوە.
ئەوانەی لایان وایە لە دۆخێکی ئاوادا دەتوانن خوێندن و پەروەردە بەرەوپێشبەرن، دەتوانن نەوەی سالم و تەندروست بەرهەم بهێنن، لە وەهمدا مەلەئەکەن، لەوهەمدا دەڕوانە پەروەدەوفێرکردن و زانست.
ئاخر خوێندکار و قوتابیان، جێگای شیاویان نەبێت بۆ دانیشتن، گەرم کەرەوەو فێنکەرەوەیان نەبێت، مامۆستای پێویستیان نەبێت، دەرس و مەنهەجەکانیان ئابدەیت نەکرێت، دەرماڵەی هاتوچوویان نەبێت، کتێب و دەفتەرو دەستڕاگەیشتنیان بەسەرچاوەی پێویست نەبێت، خوێندن خورایی نەبێت، ترس وەکو مۆتەکە دەستی خستبێتە سەر سنگی خوێندگاکان و و خوێندکاران...تاد، چۆن دەکرێت چاوەڕێی ئایندەی باشیان لێبکرێت.
ئەوەی لەم پاشاگەردانیەی پرۆسەی پەروەدەو فێرکردن بەرپرسە، لە هەلومەرجی خوێندکاران و مامۆستایان بەرپرسە، لە ترس و فەرهەنگی دواکەوتوانە بەرپرسە.. نە خوێندکاران و نە مامۆستایان و کارمەندانی پەروەردەن، بەڵکو دەسەلاتێکی بنیاتنراوی خاڵی یە لە زانست و پەروەردەو فێرکردنێکی تەندروست و سەردەمی.
بۆ ئەوەی ئەم تاریکستانەو کۆسپەکانی بەردەم پرۆسەی فێرکردن و خوێندن و زانست لە کوردستان وەلابنرێن، تەنها بە سیمینار گێران و کۆنفرانسی پەروەردەیی ناکرێت، بە ئیمزاکۆکردنەوە و پاڕانەوە ناکرێت، بەڵکو پێویستی بە وەڕێخستنی بزوتنەوەیەکی گەورەی کۆمەڵایەتییە، کە خوێندکارانی ناوەندی و ئامادەیی و پەیمانگاو زانکۆکان ودەست لەناودەستی یەک وەرێی بخەن بەجۆریک کە بتوانی دەسەڵات ناچار بکات، بودجە پێویست، زانستی سەردەم، مەنهەجی نوێ، شێوازی پەروەردەو فێرکردنی مۆدێرن، وەلانانی ترس و جیاکاری... بکاتە ئەمری واقع.
بۆئەمە دەبێ لە باخچەی ساوایانەوە دەست پێبکرێت و چەندین شت دابسەپێنرێت تا بتوانرێت ئەو دۆخە تێپەڕێنرێت، لەوانە:
خوێندنی گشتی و ئیجباری تا تەمەنی 16 ساڵیی بکرێت بە یاسا.
خوێندنی باڵا (زانکۆیی، پسپۆڕی)ی خۆڕایی و نزیکەدەست بۆ هەموو خوازیارانی دابین بکرێت بە دانی دەرماڵەی تێروتەسەلەوە بۆ خوێندکاران و مامۆستایان و... دابینکردنی هەموو پیداویستیەکانی خوێندن بە خۆڕایی.
فێربوون بکرێتە مافی هەمووان و دەستڕاگەیشتنی ئینسانەکان بە فێربوون و دەورە پەروەردەییەکان نابێ بەهیچ جۆرێک ببەسترێتەوە بە ئاستی داهاتی خێزانەوە بۆ ئەوەی هەموو کەس بتوانیت بخوێنێت.
دابینکردن و زامنکردنی بینایەی پێوست و گونجاو، لەڕووی فراوانی و تەندروستی و سەلامەتی و خزمەتگوزارییەوە لەوانە (کارەبا، ئاوی ساردو گەرم، چێشتخانە، دەزگای فێنککردنەوەو گەرمکردنەوە، هەلی دەستڕاگەیشتن بە تۆڕەکانی زانست و زانیاری و فێربوونەوە□ تاد
پێکهێنان و دروستکردنی بینا بۆ باخچەی ساوایان لە هەموو گەڕەکەکاندا.
فەراهەمکردنی ئاسانکاری وەرزشی و هونەری‌و کەلتووریی خۆڕایی (یاریگا، هۆڵ و ستۆدیۆی نمایش و نواندن، کتێبخانەو□تاد)و تەرخانکردنی ڕاهێنەرو فێرکارانی پێویست لەهەموو قوتابخانەو ئاستەکانی خوێندندا.
دابینکردنی هۆیەکانی گواستنەوەی خۆڕایی بۆ هاتوچۆی مامۆستایان و خوێندکاران.
کۆتاییهێنان بە جیاکاری لە نێوان کوڕان و کچاندا لەهەموو ئاستەکانی خوێندن و پرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا.
زیادکردنی موچەی مامۆستایان و کارمەندانی پەروەردە بەپێی بەڕێوەچوونی گوزەرانی خێزانێکی 5 نەفەری و بردنەسەری ئەو موچەیە لەگەڵ چونەسەری نرخی پێداویستیەکانی ژیان.
لە ڕیشەوە گۆرینی مەنهەجەکانی خوێندن و پەروەرەدە جێگیرکردنی خوێندن و پەروەردەی مۆدیرن و سەردەمی و سپاردنی ئەم ئەرکە بە پرۆفیسۆران و شارەزایانی مەدەنی و تژی لە هوشیاری زانستی و پەروەردەیی سەردەم.
جیاکردنەوەی دین لە دەرس و ڕێساو یاساکانی خوێندن و پەروەردە.
گوڕینی شێوازی دەرس ووتنەوەو پێگەیاندنی پەروەردەیی و بە شێوازێکی شارستانی دور لە ڕەقی و توندوتیژی بەکەڵک وەرگرتن لە شێوازی پەروەردەیی نوێ...تاد
بەدەستهێنانی ئەمانە ممکینەو هیچ قورسیەکی تیا نییە. ئەگەر گوشاری کاریگەر بهێنرێت بۆ دەسەلات، بودجەو داهات و دەوازەکانیش بۆئەم گۆڕانە هەیە.
با ساڵی تازەی خوێندن بە بەدەستەوەگرتنی ئەم خواستانە دەست پێبکەین. ساڵی تازەی خوێندن لە هەموو خوێندکاران و مامۆستایان پیرۆزبێت.

**نووسینی: عەبدوڵا مەحمود**

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید
نووسەرانی ئەم ژمارەیە:
هونەر جەوهەر، عوسمان محەمەد، هاوژین ڕەشید، ئەنوەر حسین، وریای رەسام، رەها فەلاحی، کاوان قادر، ئاراس رەشید، ئاسۆ شابان، عەبدوڵا مەحموود، جەمال نوری، ...

لەگەڵ دۆسیەیەکی تایبەت سەبارەت بە"هۆکاری گوشارەکانی بەغدا لەسەر هەرێم و ئایندەی سیاسی کوردستان"...

بۆپێشەوە
سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود
ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد
بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
abdulla.mahmud@gmail.com
بۆ خوێندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:
www.bopeshawa.net

## دوا وتە

## لەپێشوازی ساڵی تازەی خوێندندا

ئەم ماوەیە سەرەتای ساڵی خوێندنە لەسەراسەری کوردستاندا، بە سەدان هەزار خوێندکار ڕوودەکەنەوە قوتابخانە و ناوەندەکانی خوێندن، هەروەها بەهەزاران مامۆستا و کارمەند لە پێشوازی ساڵی تازەی خوێندندا پێشوازی لە قوتابیان ئەکەن.

پشووی هاوینە ڕۆشت و پشوو نەبوو، بێ موچەیی، بێئاوی و بێ کارەبایی، نەبونی خزمەتگوزاریەکان و گرانی سەرسوڕهێنەر، لە سیمای زوربەی هەرەزۆری قوتابیەکان و مامۆستایان و کارمەنداندا بەڕۆشنی دەبینرێ، هەمووان دەزانن کە ئەوەی پێی وترا پشوو، مەرگەسات بوو.

دەوام دەست پێدەکات و مامۆستایان و کارمەندانی پەروەردە، هێشتا موچەی سێ مانگی رابردوویان وەرنەگرتووە و لەچاوەروانی هات و نەهاتی موچەدان. نارەزایەتی مامۆستایان و کارمەندان بۆ موچە، خواستی مامۆستایانی گرێبەست بۆ دامەزراندن، درێژەی هەیە، کەچی دەزگا بەرپرسەکان هیچ نابیستن و تا ئێستا وەڵامیان نییە.

خوێندکاران و مامۆستایان بەدەست دەیان و سەدان گرفتەوە دەناڵێنن، زۆری قوتابی و کەمی بینا، کەمی مامۆستا، کەمی پێداویستیەکانی قوتابخانە، کەمی کتێب و دەفتەرو قەڵەم، ڕەوشی پەروەردەو فێرکردنێکی دواکەوتوانەو پڕ توندوتیژی، نەبوونی موچە لەکاتی خۆیدا و کەمی موچەی مامۆستایان و کەم دەرامەتی دایک و باوکانی خوێندکار، لەگەڵ ترس لە سەرماو بێنەوتی و گرانی□ هەمویان یەخەی پرۆسەی خوێندنیان گرتووە.

خوێندکاران و مامۆستایان لە ناو ڕەوشێکی لەوبابەتەدا دەست دەکەنەوە بە دەوامی ساڵ. لە هەموو گۆشەیەکی ئەم دنیایەدا ئەگەر خەبەرێک لە ژیانی سەردەمی و پێشکەوتن هەبێت، ئەوا خوێندکاران و پرۆسەی پەروەرەدەو خوێندن، بنەمای بنیاتنانی پێشکەوتن و نەخشاندنی باشتری ئایندەی کۆمەڵگەیە. زۆرترین بودجەو ئیمکانیات بۆ خوێندن و پەروەردە دابین دەکرێت و توانایی هەمەچەشنی بۆ تەرخان دەکرێت. باشترین دۆخی پڕ ئارام فەراهەم دەکرێت. ساڵ بەساڵیش نەخشەو پرۆژە نوێ بۆ پێشخستنی دادەنرێت و هەموو هەوڵێک دەخرێتە گەر تا ئاستی زانست و خوێندن بەرەو سەر بڕوات. بەداخەوە لەکوردستاندا ئەمانە نەک نیین بەڵکە بەهۆی فەرامۆشکردنی لەلایەن دەسەلاتەوە، بۆتە ویرانە.

هێشتا ژمارەی بارەگا حزبیەکان، و دەزگا هەمەڕەنگەکانی حزب چەند بەرابەری قوتابخانەکان، ئامادەییەکان، ئامادەییە پیشەییەکان، باخچەی ساوایان، و زانکۆو پەیمانگا و□.کانن.

ژمارەی موچەخۆرەکانی حزب بێئەوەی خێرێکیان بۆ کومەڵگە هەبێت، چەند بەرابەری ژمارەی مامۆستایانە.

موچەی وەزارەتە زیادەکانی حکومەت چەند بەرابەری موچەی هەموو مامۆستایانی کوردستانە.

پێداویستی وەزارەتە تەشریفاتیەکانی حکومەت، چەند بەرابەری پێداویستی باخچەی ساوایان و هەموو ئاستەکانی تری خوێندنە.

پارەیەک کە سەرفی پێگەیاندنی کادرانی حزبی دەکرێت، چەند بەرابەری ئەو پارەیەیە کە بۆ پێگەیاندنی

بۆ لاپەڕە 14

# چەند کورتە شیعری "ڕەها_فەلاحی



با هەڵدەکات،
دارەکان دەست دەکەنە ملی سەما،
لەنێو ئەم سەمایەدا،
گەڵاکان بەسەرخۆشی دەفڕن!

***

ئەو کات ئاسمان
لەخۆشیا
داگیرسا!

***


باوکە گیان،
دەستەکانت پێت هەڵناکەن،
لە حەرفی گرتنەوە،
ئامێزیان دەبم!

***

کابۆکێ لانەی کردووە،
لەشیعرەکانما،
باڵی پێداوم لە شەقڕنا!!

مانگ بە تریفەوە نهێنییەکانی خۆی،
حەشار ئەدا..
پێکەنینی ئەستێرەکان پرشنگن،

وەرگێرانی بۆ کوردی: رۆژ هەڵبجەیی




بەرهەمی تازەی هونەرمەند وریای رەسام